کتێبی گیرفان
120

هاشم ساڵح



# لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە

وەرگێڕانی
ئەردەڵان عەبدوڵڵا

Pocket Book
دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم
2012

# له بارەی چەمکی
# دەوڵەتی مەدەنییەوە

ناوی کتێب: له بارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە
نووسینی: هاشم ساڵح
وەرگێڕانی: ئەردەڵان عەبدوڵڵا
بابەت: لێکۆڵینەوە
پێداچوونەوەی زمانەوانی: نەورۆز سەیدگۆڵ
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان ــ سلێمانی

www.serdam.org

بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە: kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە(١٤٢١) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە.
**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

هاشم ساڵح

# لە بارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە

وەرگێڕانی
ئەردەڵان عەبدوڵڵا


سلێمانی ٢٠١٢

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی گیرفانی ژمارە (١٢٠)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی



# سوپاسنامە

بۆ نووسینی هەر کتێبێک، بەبێ پشتگیری و هاوکاری چەند دۆست و برادەرێک، مەحاڵە ئەو کتێبە بەر چاوی خوێنەران بکەوێت. بە دڵنیاییەوە منیش گەر ئەو دۆست برادەرانە نەبوونایە، نەمدەتوانی ئەم کتێبە بەچاپ بگەیەنم. هەربۆیە لێرەدا جێگای خۆیەتی کە زۆر سوپاسی براو هاورێی هێژام کاک ئازاد بەرزنجی بکەم، کە یارمەتییەکی زۆری دام بۆ بەچاپ گەیاندنی ئەم کتێبە.

هەروەها زۆر سوپاسی کارمەندانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەکەم، کە بە چاپ گەیاندنی ئەم کتێبەوە ماندوو بوون.

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

# ناوەڕۆک

پێشەکی ............................................................ ٩

لە بارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە ..................... ١٢

قۆناغە مەزنەکانی فەلسەفەی ئەوروپا ................... ٤٣

دیکارت و شەڕێکی ترسناک لەگەڵ خودی خۆی..... ٦٣

# پێشەکی

هاشم ساڵح یەکێکە لەو دەنگە دەگمەنانەی جیهانی عەرەبی، کە بە ئاوازێکی نوێ گۆرانی بۆ ژیان دەڵێت. ئا لەو کاتەی کە ئیسلامگەرایی باڵی بەسەر تەواوی جیهانی عەرەبیدا کێشاوە، لە کەنداوی فارسییەوە بۆ مەغریب، ئیسلامییەکان شایی بردنەوەی هەڵبژاردنەکان دەکەن. ئا لەو کاتەی کە تەنها ڕیشی پان و وتاری ئایینی درێژ دەبینین، لەناو ئەم زەلکاوی کۆنەپەرستییەدا، دەنگێکی مۆدێرن و جوان دەبیستین. کەسێک کە هەموو ژیانی خۆی، بۆ فەلسەفەو عەقڵی مۆدێرن تەرخان کردبێت، کەسێک کە لە زاریەوە تەنها دەنگی حەق بێت.

بەدڵنییایەوە بۆ ئێمەی کورد، زۆر گرینگە گوێ بۆ ئەم دەنگە بگرین و ئاگاداری نووسین و بۆچوونەکانی ئەم زانا و بیرمەندە گەورەی عەرەب بین.

ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵێک وتاری هاشم ساڵح، کە لە بارەی عەقڵی مۆدێرن و فەلسەفە و کێشەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەکات. هاشم ساڵح، بە جۆرێکی تر شرۆڤەی بەهاری عەرەبی و ڕووداوەکانی ئەم دواییەی گێتی عەرەب دەکات. بە دڵنیاییەوە خوێندنەوەو تێگەیشتنێکی زۆر جیاوازی لە بیرمەندان و نووسەرانی تری عەرەبی هەیە . لەلایەکی تریشەوە، باسی ئەو ترسە گەورەیە دەکات، کە خۆی لە ئیسلامگەرایی دەبینێتەوە و خەریکە بەهاری عەرەبی دەکاتە پاییزێکی ئیسلامی و، کۆتایی بە هەموو خەونەکانی ئازادی و کۆمەڵگەی مۆدێرن دەهێنێت.

دیارە کۆمەڵگەی عەرەبی ساڵانێکی زۆر، بەدەست کۆمەڵێک دیکتاتۆر و حیزبی تاککڕەوەوە گیریان خواردبوو، بەڵام پاش ڕزگاربوونیان لە چنگی ئەو ملهووڕە دیکتاتۆرانە، هاشم ساڵح، هیچ گەشبین نییە کە گێتی عەرەبی داهاتوویەکی باشی هەبێت. هەروەک خۆی دەڵێت: ”خەڵکی عەرەبی گیریان خواردووە لە نێوان حوکمێکی عەسکەری و دیکتاتۆری، یان حوکمێکی ئیسلامی و سەلەفی.“

ئەم واقیعە تاڵەش ئێمە ڕۆژانە لە وڵاتانی عەرەبی دەیبینین، کە چۆن خەریکە لەپاش نەمانی دیکتاتۆرەکان، حوکمی ئیسلامی و شەریعەت و سەلەفییەت هەژموونی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا

بسەپێنێت. ئەو لە بەشی زۆری وتارەکانیدا، باسی ئەم کێشە ئاڵۆزەی عەقڵی عەرەبی دەکات. هەروەها باسی فیکرو فەلسەفەی ڕۆژئاواو چۆنێتی گەشەسەندنی فەلسەفەی ئەوروپا دەکات.

من ئەم کۆمەڵە وتارانەم لە سایتی "الاوان"ی عەرەبییەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردی. هیوادارم توانیبێتمان سوودێک بە خوێنەری کوردی بگەیەنین، بەتایبەت ئەوانەی عاشقی عەقڵی مۆدێرن و بۆچوونەکانی هاشم ساڵحن.

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

سلێمانی

2012/03/23

# له بارەی چەمکی
# دەوڵەتی مەدەنییەوە

## سپینۆزا پرسیار دەکات و دەڵێت:
## ئاخۆ گەل مازۆشییە؟!

سەرەتا پێم خۆشە بڵێم، قسەکردنی زۆر لەبارەی دیموکراتی لە هەموو کاتێکدا و بەبێ هۆ، دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەم چەمکە، هەروەک چۆن هەموو دروشم و چەمکەکانی تر بە تایبەت لە وتاری سیاسی عەرەبیدا لەناوچوون و ڕزین. هەموومان دەزانین کە ئەمڕۆ کەسمان ناتوانین باسی هەندێک وشەی وەکو "یەکێتی، ئازادی، سۆشیالیزم." بکەین. چونکە زۆرباسی ئەم وشانە کراون، بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی هەبێت. هەر هزرێک یان دروشمێک شەو و ڕۆژ بەرزکرایەوەو بەبێ ئەوەی لە ئەرزی واقیعدا بسەلمێنرێت، بەڵکە دەتوانم بڵێم بە پێچەوانەی دروشمەکەشەوە کاردەکەن، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچ

مسداقییەتێکی نەمێنێت. ئەمە دەڵێم، لەگەڵ ئەوەی کە زۆرباش دەزانم کە چەمکی دیموکراتی زۆر گرینگەو هەروەک فۆکۆیاما گوتی "کۆتایی مێژووە". هەتاوەکو ئەمڕۆ هیچ سیستەمێکی لەو باشتر دروست نەبووە و ڕێشی تێناچێت کە لە داهاتووشدا لەو باشتر دروست بێت. ئەو ڕاپەرینە عەرەبییەی کە ئێستا بەردەوامە، پیشانی دەدات کە چەندە جەماوەر تینووی بەشداری سیاسی و حەزێکی زۆریش هەیە بۆ لەناوبردنی هەموو ڕژێمە شموولییەکان، کە وتارەکانیان سواون و ڕزیون، هیچ مسداقییەتێکیشیان نەماوە. جەماوەر هەموویان لەم ڕژێمە شموولییانە بێزارن، ئەوانەی کە لەپاش سەربەخۆبوونی وڵاتەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست و لە هەموو بوارەکانیشدا فەشەلیان هێنا. نە ئاوەدانییەکی ڕاستەقینە دابین کرا، نە ڕۆشنگەری دابینکرا و نە جەهلیش ڕاگیرا..

بەڵام زۆر گرینگیشە بیزانین، کە هەر وا ئاسان نییە لە حاڵەتێکی کۆیلایەتی و چەوساندنەوەو بۆ حاڵەتی ئازادی و دیموکراسی باز بدەین. بە قسە ئاسانە، بەڵام بە کردەوە زۆر زەحمەتە. ماوەیەکی زۆرە لە مێژووودا لەسەر کۆیلایەتی ڕاهاتووین و واشمان لێ هاتبوو کە نکوڵی لە ئازادی بکەین. بە حوکمی ئەوەی ماوەیەکی زۆرە لەسەر کۆیلایەتی و چەوساندنەوە ڕاهاتووین، وامان لێ هاتووە نکوڵی لە حەزی گفتوگۆ و دیموکراسی بکەین. ئەم شتانە

له دەروونناسیدا ئاشکرایە. گەر یەکێک بێت و لە پڕێکدا بیەوێت کۆیلەکان ڕزگار بکات، ئەوا کۆیلەکان زیاتر لە خاوەنەکانیان، لە کۆیلایەتی خۆیان بەردەوام دەبن و پارێزگاری لە بیری کۆیلایەتی دەکەن.

ئەوان پێیان باشترە لە ژێر سایەی خاوەنەکانیاندا بمێننەوەو ملکەچی بن، بەڵکە چێژێکی مازۆشییانەی خۆشیان لەم ملکەچی و کۆیلایەتییە دەبینی. گەلەکانیش ڕقیان لە ئازادی و دیموکراسییە، ئەویش لە ئەنجامی ئەو چەوساندنەوەو ناخۆشییەی کە لە ژێر دەستی دەزگاکانی موخابەراتی و پۆلیسەوە تووشیان بووە. فەیلەسووفی فەڕەنسی "جیل دیلوز" لێکۆڵینەوەیەکی جوانی لەبارەی سیپۆنزاوە کردبوو. لەوێدا ئەم دێڕە زۆر دووبارە دەبێتەوە. یەکێک لەو پرسیارانەی کە سیپۆنزا لە کتێبەکەیدا "لاهوتی سیاسی" باسی کردووە ئەمەیە: بۆچی گەلان خەبات لە پێناوی کۆیلایەتییدا دەکەن و ڕێک وەکو ئەوەی ئەمە ئازادی بێت؟ با لێرەدا نموونەیەک بهێنینەوە. بۆچی گەلی ئێرانی زۆربەیان بەگشتی، دوای خومەینی کەوتن، ئەمە لەکاتێکدا کە خومەینی بەرەو سەدەکانی ناوەڕاست دەیانگەڕێنێتەوەو هەموو ئازادییەکانیشیان بە شەریعەت و لاهووتی کۆنەوە دەبەستێتەوە؟ ئاخۆ ژنانی ئێرانی کە ڕێژەی نیوەی دانیشتوان پێک دەهێنن، بە کۆمەڵگەیەکی لەم جۆرە ڕازی دەبن؟

کۆمەڵگەیەک کە حیجاب و چارشێوی بە زۆر، بەسەردا، دەسەپێنێت. ئەمە جگە لە ڕەجمکردنی وەحشییانە و دڕاندنە بۆ ئەو ژنانەی کە عاشقن.

بەڵکە ئاخۆ پیاوی ئێرانی قبوڵی دەکات، گەر کاتێک بیرەیەک، یان جامێک شەرابی لە بارێک، یا چایخانەیەکدا خواردەوە، بەر جەلد لێدان بکەوێت؟ دیارە ئەم حاڵەتە بە شێوەیەکی گشتی هەموو بزاڤە ئیسلامییە سیاسییەکان و ئیخوان موسلمین و سەلەفییەکان دەگرێتەوە. جەماوەر زیاتر دوای ئەم بزاڤانە دەکەوێت و دوای بزاڤە لیبڕالییەکان ناکەوێت کە دەیانەوێت ئازادیان بکەن و هەوڵی پێشکەوتنیان دەدەن. بەڵام ئەمە بۆچی وایە؟ ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەوان بە زمانێکی نەریتی قسە دەکەن کە خەڵکی لێیان تێ دەگات، ئەو زمانەی کە چەندین ساڵە لەناو مێشکی جەماوەردا لە باوکەوە بۆ کوڕ دەوترێتەوەو جێگیر بووە. هەروەها لەبەر ئەوەی کە گەلانی عەرەبی و ئیسلامی، بۆ ماوەی چەندین سەدەیە ئازادییان لەدەست داوە و هیچ چێژی لێ وەرنەگرتووە. بەڵکە هیچ لە ماناکەشی تێ ناگەن، چونکە هیچ کاتێک نەیاندیوە..

چەوساندنەوە ڕەگێکی قووڵی لە مێژووماندا هەیە، لەناو هەموو ناخ و دەروونێکدا جێگای خۆی کردۆتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە زۆر زەحمەتە لەناوی بەرین و ئەمڕۆش ناتوانین تۆوی ئازادی

و دیموکراسی بچێنین. پێویستە ناخی ئەم ڕەگە هەڵکۆڵین، کە ئەوەتا لە ناخماندا بۆئەوەی خۆمانی لێ ئازاد بکەین. بەڵام کوانێ ئەو زەوی هەڵکەنەرە ئارکۆلۆژییە مەزنەی کە بتوانێت ڕەگی باوەڕی ئیسلامی هەڵکۆڵێت؟ ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، گەر کەسێکی دیل و زیندانی، لە پڕێکدا ئازادی پێ ببەخشیت، لەیەکەم ساتدا پارسەنگی خۆی تێک دەدات و نازانێت چی بکات و چۆن بەسەر شەقامدا بڕوات. ئەو پێدەچێت لەهەر ساتێکدا بێت بکەوێت و پارسەنگی خۆی تێک بدات. ئەو پێویستی بە کاتێک هەیە، هەتاوەکو بتوانێت پارسەنگی خۆی ڕابگرێت و چێژی تەواوەتی لە ئازادی وەربگرێت. ئەوەی ئاشکرایە، ئازادی بریتییە لە بەرپرسیارێتی، بەڵام کۆیلایەتی هیچ بەرپرسیارێتیەکی تێدا نییە. کۆیلە هەموو بەرپرسیارێتییەکەی تەسلیمی "باوک، شێخ، پێشەوا، دیکتاتۆر" کردووە. چونکە ئەمانە لە جیاتی ئەو بیر دەکەنەوە.

هەر بۆیە هەندێک لە ڕووناکبیران پێیان وایە، هەندێک گەل ناتوانن یان ئامادە نین، کە بە ئازادانە و دیموکراسییانە بژین. بەڵگەشیان ئەوەیە، گەر ئەم گەلانە ڕێگایان پێ بدرێت کە ئازادانە دەنگی خۆیان بدەن، ئەوا یەکسەر دەنگ بە ئیخوان و سەلەفییەکان دەدەن و دەنگ بە پارتە مۆدێرن و عەلمانییەکان نادەن. تۆ تەماشای سەرکردە سەلەفییەکانی میسر بکە، کە چۆن پەلەیانە

بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بکرێت. کێ دەتوانێت ئەم هێرشە ڕابگرێت. ئایا خێوی سەدەکانی ناوەڕاست بەسەرماندا سەپێنراوە؟ ئەوان لە هەموو شوێنێکدا دەیبەنەوە. بیری ئایینیـ پەروەریی و توندڕەویی سەردەمی منداڵیم، هەتاوەکو ئەمڕۆش بە دوامەوەیە. من بە مانایەکی تەواوەتی، بەرهەمی سەدەکانی ناوەڕاستم. بەڵکە سەدە کۆن و خراپەکانی ناوەڕاست، نەک پێشکەوتووەکان. واتە ئەو کاتانەی کە هیچ ڕووناکییەکی تێدا دیار نەبوو. ماوەی چل ساڵە من لە دەستی ئەو خێوە ڕەشە ڕادەکەم، بەڵام ناشتوانم هیچ لە دژی بکەم، چەندە لێی دەرچووم بە ناچاری دەگەڕێمەوە بۆ هەمان شوێنی خۆم.

پاش نەتەوەپەرستی و مارکسی و لیبڕاڵی و سۆشیالیستی و مۆدێرنیتەو پۆست مۆدێرن، ئەوەتا ئێمە بەرەو ئیسلامیەتی ئیخوانی دەگەڕێینەوە. ئای لەم پێشکەوتن و گەشەسەندنە!! بەرەو دواوەو دواوە دەگەڕێینەوە... کەواتە ئایدۆلۆژیەتی ئوسولی بە هەر شێوەیەک بووە بە سەرماندا دەسەپێنرێت... کێ دەتوانێت لە مێژووی کۆنی خۆی، لە سەردەمی منداڵیی خۆی دەربچێت؟ کێ دەتوانێت لە پێستی خۆی دەربچێت؟ سەیری "القرضاوی" بکەن، هانی خەڵکی دەدات کە بچن دەنگ بدەن، چونکە ئەمە فەریزەیەکی شەرعییە، بە مەرجێک دەنگ بە عەلمانی و غەیرە موسڵمانەکان نەدەن. ئەرێ

له کەیەوە القرضاوی و شێخەکانی تر حەزیان له دیموکراسیی بووە؟ هەتاوەکو دوێنی بوو، ئەمانه دژی دەوەستانەوەو دەیانگوت ئەمه بیدعەیەکی شەیتانی و ڕۆژئاواییەو دژی فەرمانڕەوایی خودایيه. حوکم، حوکمی خودایەو ئەمریش ئەمری خودایەو گەل هیچ ڕۆڵی نییه. گەل کێیه؟ گوو به گەل. گوو به میسر، هەروەک سەرۆکی ئیخوانی میسری محەمەد مەهدی عاکف گوتی. هەتاوەکو ئەمڕۆش، هەر وا بیر دەکەنەوە. بەڵام بۆ ئەوەی بگەنه دەسەڵات، هەموو شتێک حەڵاڵەو ئاساییه. ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی زۆر له سیاسەت پسپۆرن، خاوەنی تەکتیک و ستراتیژی و ئەکادیمی خۆیانن.

## کێشەی دیموکراتی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی

لێرەدا بۆچوونێک هەیە دەمەوێت باسی بکەم، بەڵام ئەمە مانای ئەوەی نییە کە خۆم هەڵگری ئەم بۆچوونە بم. ئەوەش ئەوەیە: پێویستە پێشئەوەی دیموکراسی و مافی دەنگدان ببەخشینە گەلەکانمان، سەرەتا ڕۆشنبیر بکرێ و فێری خوێندن و ئامادە بکرێ و نەخوێندەواری نەهێڵرێ، بۆئەوەی بزانێت کێ هەڵدەبژێرێت. پێویستە سەرەتا لە ڕووی فیکرییەوە ڕۆشنبیر بکرێ، بۆئەوەی دەنگ بە سەلەفی و تاریکبینەکان نەدات. بەگشتی بۆئەوەی بگەینە قۆناغی دیموکراسی، پێویستە دوو هەنگاو بنێین:

یەکەم هەنگاویان پۆزەتیڤە، بەڵام دووەمیان نێگەتیڤە. یەکەمیان، لەناوبەرە، دووەمیان بوونیاتنەرە. ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە لە قۆناغی نێگەتیڤی و لەناوبردنی فیکرە ئوسوڵییەکان ڕزگارمان بێت و ئیتر چۆن باسی قۆناغی بونیاتنان و پۆزەتیڤی بکەین؟ هێشتا نەمانتوانیوە لە پاشماوەکانی پێشوو ڕزگارمان بێت، ئیتر چۆن دەتوانین داهاتوو بونیاد بنێین؟ و لەسەر چ بنەمایەک؟

پێویسته هەموو بیرێکی کۆن و تەقلیدی پێشوو لەناو ببرێ، بۆئەوەی بتوانین لە جێگایدا بیری نوێ و مۆدێرن و ڕۆشنگەری و تۆلۆرانس و ئازادی دروست بکەین و ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ، هەر مرۆڤێک بێت، نەک تەنها ئەندامانی تایەفە و دینەکەی خۆمان دابنێین. بەڵام ئاخۆ القرضاوی لەمە تێدەگات؟ یان ئەو هێشتا وەکو هەموو شێخەکانی عەرەب و موسڵمانەکان، لە بیری دۆگماتیکی مەزهەب و تایەفەی خۆیدا زیندانە؟ کوانێ گەورەترین فەیلەسووفی ڕۆشنگەری ئێمە لە مێژوودا؟ ئەوەی دەیزانین، نیتچە فەلسەفەی دەگوت و چەکوشیش لە دەستیدا بوو؟ ئایا ئەمە جێگای باوەڕە؟ بۆچی چەکوش؟ ئایا ئەو ئاسنگەرە یان دارتاشە؟ بەڵێ زۆر لەمە زیاتریشە. بەڵێ ئەو سەر شکێنە: سەری هەموو عەقیدەیەکی کۆن و ئەو چەمکە کۆنانەی، کە بوونەتە بتێکی وەستاو. ئەمانە خۆیان بەسەر ملیۆنەها خەڵک سەپاندووەو ڕێک بوونەتە خودایەکی پیرۆز، لە حاڵەتێکدا ئەمانە لە مرۆڤەوە هاتوون. هەموو ئەو عەقیدانەی کە پێتان وایە خوداییە، لە ڕاستیدا "مرۆڤییە، بەڵکە زۆر لە پێویستیش مرۆڤییە" هەروەک نیتچە دەڵێت.

بەڵام هەموو شتێکی کۆن بۆتە شتێکی پیرۆز و لەناو مێشکماندا چەسپاوە. ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە دەبێت هەموو مێژوو و کولتوورمان

بسڕینەوە. دەبێت ئەوەش بڵێم، کە بەشێک لەم عەقیدە کۆنانە، بوونەتە ڕێگرێکی گەورە لە بەردەم پێشکەوتن و ئازادیماندا. ڕێژەیەکی زۆری ئەو عەقیدە توندڕەویانە لەناو هەموو مەزهەب و تایەفەکاندا باوە، جا لەناو زۆرینە یان کەمینەکاندا بێت، ئەمانە ناهێڵن، یەکێتی نیشتمان و هاوڵاتیبوون بونیاد بنرێت. لەبەرئەوە دەبێت، سەرەتا ئەمانە لەناو ببرێن و پشتگوێ بخرێن. ناتوانین پێش ئەمە، دەوڵەتێکی نیشتمانی و مەدەنی و مۆدێرن دروست بکەین.

پێویستە هەموو واز لە مێژوو بهێنین و بیرە وشک و توندڕەویەکان لەناو بەرین و تەنها لە کرۆکدا بمێنینەوە، واتە: زانستە ڕۆحیی و ئەخلاقییە بەرزەکانی کولتووری عەرەبی و ئیسلامی، هەروەها کولتووری عەرەبی مەسیحی. کە ئەویش زۆرە. پاش ئەمە دەتوانین هەنگاو بەرەو قۆناغێکی پۆزەتیڤی نوێ بنێین کە بریتییە لەوەی: گەل هەموو ئازادی و بەرپرسیارییەتی پێ بدەیت. بۆچی؟ چونکە ئێستا دەتوانێت چێژ لە ئازادی ببینێت و مومارەسەی دیموکراسی بە شێوەیەکی ڕاستەقینانە بکات.

لە بەرامبەر ئەمەدا، بۆچوونێکی تر هەیە کە پێی وایە، پێویستە هەر ئێستا مومارەسەی دیموکراسی بکەین، چونکە گەلەکانمان شایستەی ئەمەن، هەرچەندە هێشتا باشیش ڕۆشنبیر نەبووە. ئێمە

ناتوانین چیتر ڕاوەستین تا گەلەکانمان ڕۆشنبیر دەبن، چونکە ئەمە لەوانەیە سی تا چل ساڵێکی تری پێویست بێت. گەر دیموکراسییەکەمان لە سەرەتادا تەواویش نەبێت و ببێتە هۆی ئەوەی خەڵکی دەنگ بە سەلەفییەکان بدات، بەڵام هەر قەیناکات.

ئێمە ناتوانین ئوسوڵییەت لەناو بەرین، هەتاوەکو ئەو کاتە پێیدا تێنەپەڕین و خەڵکی دەبێت ئاگری ئەمانیش ببینێت. پێویستە ڕێگا بە خەڵکی بدەین خۆی تاقی بکاتەوەو جەدەلیەتە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکە، ناگۆڕێت و پێویستە کاری خۆی بکات و بەشێوەیەکی سروشتی ئەم قۆناغە تێپەڕێت.

لێرەوە دەبینین، کە مەسەلەکان زۆر لەوە ئاڵۆزترن وەکو ئێمە بیرمان لێ دەکردەوە، دەوڵەتی مەدەنی و مۆدێرنیش، ناتوانین بۆ بەیانی بەرنامەی بۆ دابڕێژین، بەڵکە دەبێت بۆ دوو سبەی دایبنێین. لێرەدا پرسیارێکی ترسناک لەبارەی پراکتیزەکردنی دیموکراسییەوە، ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە: چۆن دەبێت ئێمە مافی دەنگدانی دیموکراسی بدەینە ئەو ڕێکخراوە تەکفیرییانەی، کە هیچ باوەڕیان بە گفتوگۆ و ڕای جیاواز نییە؟ چۆن دەتوانین لەگەڵ کەسێکدا گفتوگۆ بکەین، کە باوەڕی وایە خۆی هەڵگری ڕاستی خودایی

ڕەهایە و تەنها خۆشی ئیماندارەو خەڵکانی تریش کافرن؟ یا مافی ئەوەی هەیە خەڵکی بکوژێت، بەڵکە بە ئەرکی خۆشی دەزانێت کە خەڵکی تر بکوژێت، بۆئەوەی لە خودا نزیک بێتەوە، ئەویش بە تەسفییەکردنی زەندەق و کافرەکان. ئا ئەمەیە کێشەی هەرە گەورەی دیموکراسی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا. لەهەمانکاتیشدا ڕژێمە شمولی و پۆلیسییەکانیش، کە خاوەنی بیری یەک پارتین، گەورەترین ڕێگرن لە بەردەم دروستکردنی دەوڵەتی مەدەنی و دیموکراسیدا.

کەواتە ئێمە خۆمان لە نێوان دوو ئاگردا دەبینینەوە: ئاگری ئوسوڵی و ئیخوانی، ئاگری دیکتاتۆری و پۆلیسی. سەیری ئایەتوڵڵا کۆنەپارێزەکان بکەن، چییان بە ئێران کرد، یان ئیسلامییەکانی سۆدان، کە هیچیان پێ نییە تەنها جەلد لێدانی ژنان نەبێ، وەکو خاتو لبنی ئەحمەد حسێن. ئەمە بێجگە لە تاڵیبانەکان. سەیری مەیدانی تەحریر بکەن، شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکان بەهەموو شێوەیەک خەبات لە دژی هەژمونی عەسکەر و ئیخوانەکان دەکەن. زۆر جوامێرانەش بە خوێن باجی ئەم کارەیان دەدەن، لیبڕالییەکان هیچ ڕۆڵیان نەماوە.

لەو باوەڕەدان کە لە سوریاش شتێکی جیاواز

لەمە ڕوو بدات؟ یان لە لیبیا؟ تەنها لە تونس نەبێت، کە توانییان لەم کێشەیە ڕزگار بن، بەلایەنی کەمەوە هەتاوەکو ئێستا. دیارە ئەمەش لەبەرئەوەی ئوسوڵییەتی تونسی ڕۆشنبیرترەو چیتر ئیخوانی نییە. گەر تونس بتوانێت لە ماوەی داهاتوودا ئەم هاوکێشە زەحمەتە بسەپێنێت، (مەبەستم لێ ؛ ئاشتی لە نێوان ئیسلام و مۆدێرنەدا) . گەر ئەمە بکەن، ئەوا هەموو عەرەب دوایان دەکەوێت.

## پەیوەندی نێوان فەلسەفە و دیموکراسی

یەکەم: بەبێ فەلسەفە، دیموکراسی بوونی نییە، یان بە واتایەکی تر بڵاوکردنەوەی بیری فەلسەفیی ڕەخنەیی و عەقڵانی و ئازاد، لەناو جەماوەرێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار. لە هەمانکاتیشدا بەبێ فەلسەفەیەکی ڕۆشنگەری، دەوڵەتی مەدەنی دروست نابێت. گەر بیری لاهوتی کۆن هێشتا بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بێت، کەواتە ناتوانین دەوڵەتێکی عیلمانی و مەدەنی دروست بکەین. ناتوانین پارسەنگی لە نێوان بێ دین و ئیماندار بپارێزین. ئەمەش لە ئەزمونی دەوڵەتە مۆدێرنەکانەوە فێربووین. دیموکراسی ناتوانێت سەربکەوێت، هەتاوەکو فەلسەفەی مرۆڤی و مۆدێرن، جێگای بیری ئایینی و مەزهەبی کۆن نەگرێتەوە و نەبێتە مەرجەعیەتی بیری گەل.

پێویسته فیکری دیموکراسی و فەلسەفەی مافی مرۆڤ، جێگای حوکمی خودایی و ولایەتی فەقیهی بگرێتەوە، چ لەناو شیعە یان سونە. لە ژێر ڕۆشنایی بیری تاکڕەوانە، چ ئوسولّی بێت یان پارتی تۆتالیتاری فاشی بێت، هیچ هەلی دیموکراسی و گفتوگۆی ئازاد و فرەڕەنگی لەناو کۆمەڵگەدا نییە. بۆچی؟ چونکە ئوسولّیەتی ئایینی پێی وایە کە خاوەنی ڕاستی ڕەهای پیرۆزە، لەبەرئەوە هیچ بواری نیقاش و دژایەتیکردنی نییە. لەم کەش و هەوایەدا گفتوگۆی دیموکراسییانە شتێکی نەکردەیەو بە کوفر و زەندەق و لادەر لە شەریعەتی خودا دادەنرێت. بەهەمان شێوەش ئایدۆلۆژییە تۆتالیتارییەکان کە سیمایەکی دونیاییان هەیە، جا فاشی بێت یان کۆمۆنیستی، ئەمانیش بە هەموو شێوەیەک گفتوگۆ ڕەت دەکەنەوەو لەلای ئەمان مانای دەرچوون لە ڕاستی تاک-پارتی و تاک-سەرۆکی دەگەیەنێت، جا ئەو سەرۆکە پێشەوا هیتلەر بێت یان هاوڕێ ستالین بێت، هەر یەک شتە.

هەر لێرەوە ڕقیان لە سیستەمی پەرلەمانی فرە ڕەهەندی و لیبرالی ڕۆژئاوایی دەبێتەوە، کە باوەڕیان بە پارتی جیاواز هەیە. لەلای ئەمان گفتوگۆی ناو پەرلەمانی، بریتییە لە کات بەفیڕۆدان و هیچ مانایەکی تری نییە. لەبەر ئەوە کاتێک ئەمانە دێنە سەر حوکم و دەسەلات دەگرنە دەست، یەکسەر دەست دەکەن بە داخستنی پەرلەمان و پارتەکان و

لەناوبردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری و داخستنی دەمی خەڵکی. (ئەمە لەکاتێکدا هیتلەر لە ڕێگای سندوقی دەنگدانەوە هاتە سەر کار، بەڵام کاتێک دەسەڵاتی گرتە دەست یەکسەر مۆری سوری لێ دا و کۆتایی بە ژیانی دیموکراسی و هەڵبژاردن هێنا).

لەکاتێکدا سیستەمی دیموکراسی لەسەر بنەمای فرە پارتی و ڕۆژنامەی ئازاد و ئازادیی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی کێشەکان لە هەموو ڕوویەکەوەو بۆئەوەی باش لە کێشەکان تێبگەین و پاشان بڕیارێکی باش بدەین. هەر لێرەشەوە ڕێگا بە پەرلەمان دەدرێ کە لە بارەی هەموو مەسەلەکانەوە گفتوگۆ بکرێ، بەڵکە دەبێت لەبارەی مەسەلەکانەوە گفتوگۆیەکی توند لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا بکرێت. زۆرجار ئەم گفتوگۆ توندانەش، قاڵبێکی توندتر وەردەگرن و دەبێتە شەڕی دەستەو یەخە لە ژێر قوبەی پەرلەماندا. هەر لێرەشەوە گرینگی دەستاو دەستکردنی دەسەڵات دەردەکەوێت. ئەمڕۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدایە، سبەینێ دەبێتە ئۆپۆزسیۆن، پێچەوانەکەشی ڕاستە. بەڵکە زۆرجار دەسەڵات سوود لە ڕەخنەکانی ئۆپۆزسیۆن وەردەگرێت و یارمەتی دەدات لە چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتدا.

بەم شێوەیە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی زیرەک، خزمەتی دەسەڵات دەکات و ڕۆڵێکی پۆزەتیڤانە

دەبینێت، واتە تەنها ڕەخنەو هێرش بۆ سەر دەسەڵات ناکات. لە کۆتاییدا بەرژەوەندی گەورەی وڵات، کاری هەردوو لا دەبێت. لێرەدا پێمخۆشە باسی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بکەم، ئەوانەی توانییان کێشە بنەڕەتییەکانیان چارەسەر بکەن و قۆناغی شەڕی ئەهلی ناخۆش و لاهوتی سیاسی و تایەفییان تێپەڕاند و بەسەر ڕێگرە کولتووری و پاشماوەکانی مێژوویان ڕزگاریان بووە. بە شێوەیەک ئەمڕۆ ئەم دەوڵەتانە لە ڕێگای گفتوگۆی عەقڵانی و دیموکراسییانەوە هەوڵی چارەسەری کێشەکانیان دەدەن.

هابەرماس لە ئەتروحە ناسراوەکەیدا، ئەم کۆمەڵگەیانە بە "مومارەسەی بەردەوامی عەقلانی ناو دەبات، واتە ئەو کۆمەڵگەیانەی کە باوەڕیان بە گفتوگۆ و دیموکراسی هەیە". با بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵگە هەژارە باشەکەی خۆمان، ئەوەی کە هێشتا نەیتوانیوە تیکەیەک نان بۆ ئەندامەکانی پەیدا بکات، جا ئیتر چۆن دەتوانێت گفتوگۆی عەقڵانی و دیموکراسی ئازاد دابین بکات؟! ئێمە لە کام پلەین لە چاو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکوور، یان تەنانەت لەچاو دەوڵەتە تازە پێشکەوتووەکانی وەکو ژاپۆن و هیند و بەرازیل، ئەو دەوڵەتانەی کە هەنگاوی گەورەیان بەرەو دیموکراسی ناوە. هەروەک لە سەرەتاشدا گووتم، ئەو نیقاشەی لەبارەی دیموکراسییەوە

کە ئەمڕۆ لە جیهانی عەرەبیدا دەکرێ، بریتییە لە چەنەبازییەکی بێ تام و زۆر سەرەتایی و هەژارەو دژی مانا ڕاستەقینەکەی دیموکراسییە و دژ بە هەموو فەلسەفەی مۆدێرنی دیموکراسییە، کە فەیلەسووفە مەزنەکانی وەکو "جان جاک ڕۆسۆ، ئیمانوێل کانت،، هتد" پێشیان خستووە. لەوە دەترسم کە دیموکراسی بۆ دروشمێکی درۆینەو بریقەدار بگۆڕێت. هەروەک سۆسیۆلۆژی فەڕەنسی بیر بوردیو دەڵێت: "هەموو شتێک لە بارەی هیچەوە دەڵێت و، هیچیش لەبارەی هەموو شتێکەوە ناڵێت"

لەم حاڵەتەدا دروشمی دیموکراسی دەبێتە شتێکی درۆ و جەوهەر و مانا ڕاستەقینەکەی خۆی دەدۆڕێنێت و وەکو دروشمەکانی پێشوویان لێ دێت و لای خەڵکی ناشرین و قێزەون دەبن. ئاخۆ ئەمە گاڵتەجاڕی نییە، ئێستا ئوسوڵییەکان بوونەتە عاشقی دیموکراسی و سوێند بە سەری دیموکراسی دەخۆن؟ لە کەیەوە سەلەفییەکان پێیان وابووە کە دیموکراسی واجبێکی شەریعەتی ئیسلامییە؟ ئەری هەر بلحاج (سەرۆکی سەلەفییەکانی جەزائیر) نەبوو بەئاشکرا لەعنەتی لە دیموکراسی دەکرد و تەنانەت ڕقی لە ناوەکەشی دەبوویەوە؟ بەڵام شەهوەتی دەسەڵات سنوری نییە. لەبەر ئەوە کەسمان ناتوانین ڕێگا لە هەلپەرست و چڵکاوخۆرەکان و تەنانەت ئوسوڵییەکانیش بگرین، کە جوانترین و باشترین چەمک و دەستەواژەکان بەکار بهێنن.

تەنها فیکرێکی جدی و بەرپرس دەتوانێت، ئەو ساختەگەرییە زۆرەی ناو گۆڕەپانی ڕۆشنبیری و سیاسی ئێستامان دەربخات و ڕیسوای بکات. هەر ئەویش دەتوانێت (واتە فیکرێکی جدی) ئایدۆلۆژیای عەرەبی کۆن لەناوبەرێت و کێشەکانی شرۆڤە بکات و چارەسەریان بکات.

## دیموکراسی وەکو فەلسەفەیەکی پێکەوە گرێدراو، نەک وەکو ئامڕازێکی هەڵبژاردن

کەواتە ئەو دیموکراسییەی ئەمڕۆ، بەرهەمی سێ سەدە زیاتری تەمەنی ڕۆشنگەری فیکری ئەوروپی مۆدێرنە. دەتوانم بڵێم بەرهەمی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵە، گەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن و سەرەتای بیری فەلسەفە و دیموکراسی کە لەسەر دەستی سوقڕات و ئەفلاتون و ئەڕستۆ چەکەرەی کرد. بەڵام ئەم دیموکراسییەی ئەمان نوقسان بوو، چونکە دیموکراسیی ئەمان تەنها شموولی پیاوانی ئازادی دەکرد و ژنان و کۆیلەکان و بێگانەکانی نەدەگرتەوە.

لەبارەی چەمکی "شورا"وە، کە خەڵکانێکی زۆر لە جیهانی عەرەبیمان باسی دەکەن، لە ڕاستیدا گرینگییەکی زۆر کەمی هەیە، چونکە ئەم چەمکە، تەنها ئەسحابەکانی دەگرتەوەو هەموو موسڵمانەکانی

نەدەگرتەوە. ئەمە جگە لەوەی بە هیچ شێوەیەک ئەندامانی ئایینەکانی تر و خەڵکانی تر (هاوڵاتی) واتە خەڵکی وڵاتەکەی نەدەگرتەوە. پێویستە ئەم چەمکە لە تێزە لاهوتییەکەی دەربهێنین بۆئەوەی لە چەمکی دیموکراسی بە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی، نزیک بکەینەوە. چونکە هیچ کاتێک دیموکراسی ڕاستەقینە، بەبێ بوونی دەوڵەتێکی عیلمانی سەرناگرێت. واتە یەکسانی تەواوەتی بۆ هاوڵاتیان، لە ڕووی ئەرک و مافەوە بەبێ گوێدانە ڕەگەز و ئایین و مەزهەب و نەتەوەیانەوە. لە سیستەمی دیموکراسی مۆدێرندا، کە لە فەلسەفەی ڕۆشنگەری لەدایکبووە، هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان کوڕی ژنێکی ئازاد و کوڕی کۆیلەیەک، کوڕی فرقەی ناجیە و فرقەی مهرطەقە، هەروەک کتێبەکانی "النحو و البدع" ی کۆن دەڵێن، هەتاوەکو ئێستاش بەشێکی زۆری موسڵمانەکانی جیهان، باوەڕیان بەم عەقیدەیە هەیە.

لە سیستەمی دیموکراسیدا، پرۆتستانییەکی وەکو "لیۆنێل جۆسپان یان میشێل ڕۆکار"، هەمان مافی وەکو جاک شیراک و فرانسۆ میتران یان شارڵ دیگۆلیان هەیە، کە سەر بە مەزهەبی زۆرینەی فەڕەنسییەکانن "کاتۆلیکن". بەڵام لە سەردەمی پێش قۆناغی ڕێنیسانس و شۆڕشی فەڕەنسیدا، ئەوە شتێکی مەحاڵ بوو، کە پرۆتستانییەک بگاتە سەرۆکایەتی حکومەتی فەڕەنسا. لەو سەردەمەدا،

پرۆتستانی بە زەندیق و کافر ناودەبران و کەسانی بێ ماف و لە هەموو کارو کردەوەیەکیاندا گومانلێکراو بوون. هەر بوونی لەناو زۆرینەی کاتۆلیکی فەرەنسیدا شتێکی ناخۆش بوو، بەهیچ شێوەیەک قبووڵیان نەدەکرد. لەبەر ئەوە هەتاوەکو کێشە تایەفی و مەزهەبییەکان چارەسەر نەکرێن و لە جێگایاندا فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن دانەنرێن، کە لە فەلسەفەی مۆدێرنەوە سەرچاوە دەگرێت و جێگای لاهوتی سیاسیی باو فقهی تایەفی کۆن نەگرێتەوە، کە هەتاوەکو ئێستاش حوکمی جیهانی عەرەبی ئیسلامی دەکات، قسەکردن لە بارەی بیری دیموکراسیی لە جیهانی عەرەبیدا شتێکی هیچ و پووچە و هیچ مانای نییە.

وشەی دیموکراسی دەبێتە شمەکێکی بەکارهێنانی مەحەلی، کە بۆ بازرگانی سیاسی بەکار دەهێنرێ و هیچ مانای تری نییە. تەنها دەبێتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، دەبێتە ئامرازێک کە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن هەردووکیان بۆ خۆیان بەکاری دەهێنن. ئەمەش دوورە لە مانا ڕەسەنەکەی دیموکراسییەوە. گاڵتەجاڕییەکە لەوەدایە، ئەمڕۆ ڕێکخراوە ئوسوڵییەکانیش دەڵێن ئێمە دیموکراسین!! هەموو کەس لای ئێمە بۆتە دیموکرات. ئەمڕۆ هیچ کەسێک نییە لە جیهانی عەرەبیدا، دیموکراسی نەبێت!! بەڵام کاتێک پێیان دەڵێیت، کاکی برا: "ئەو فەلسەفەیەی کە

دیموکراسی پشتی پێ دەبەستێت، داوامان لێ دەکات و دەبێت یەکەمجار دان بنێین بە یەکسانی تەواوەتی بۆ هەموو هاوڵاتییانی وڵات، هیچ هاوڵاتی پلە یەک و پلە دوو و سێی تێدا نییە" ئا لەم کاتەدا دەکشێنە دواوە. بۆ ئەوەی کەمێک هێمنت بکەنەوە پێت دەڵێن: مەترسە پارێزگاری لە مافی کەمینەکان دەکەین.

بەڵام بەڕێزان! لەناو کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی مۆدێرندا، کەمینە و زۆرینە نییە. یان چەمکی هاوڵاتیبوون یان هیچی تر نییە. یان دەبێت بنوسرێت "هاوڵاتییان لە ماف و ئەرک دا، یەکسانن" یان هیچی تر نییە. واتە دیموکراسی هەر ئەمەیە. زۆرینە و کەمینە دەبێتە چەمکێکی سیاسی و لەسەر بنەمای تایەفی و نەتەوەیی و ڕەگەزی نامێنێت. هەموو شوێنێک بەیەک چاو سەیر دەکرێن، ئاینییش دەبێتە شتێکی تایبەتی و پەیوەستە بە لایەنی ڕۆحی کەسەکان خۆیانەوە.

یان کاتێک پێیان دەڵێیت فەلسەفەی دیموکراسی داوامان لێ دەکات، دەبێت پێش هەموو شتێک باوەڕی تەواوەتیمان بە ئازادیی ویژدان و عەقیدە هەبێت. بە واتایەکی تر: ئازادی لە ئایین و باوەڕبوون و بێباوەڕبوون بە خودا، دەبێت ئازادی ڕەها بۆ هەموو ئایینێک فەراهەم بکرێ، لەم کاتەدا کە باسی ئەمانە دەکەین، زیاتر دەکشێنە دواوە و

ڕێژەی دیموکراتەکان کەمتر دەبنەوە. یان کاتێک پێیان دەڵێیت، فەلسەفەی دیموکراسی مانای جوداکردنەوەی تەواوە لە نێوان هاوڵاتیبوون و ئایینپەروەری، بە مانایەکی تر، هەموو ئیماندارێک هاووڵاتییە، بەڵام مەرج نییە هەموو هاوڵاتییەک ئیماندار بێت. لەم کاتەشدا ژمارەی دیموکراتەکان زۆر کەمتر دەبێتەوە. کاتێک پێیان دەڵێیت: گەر کەسێکی سوننی مەزهەب لە ئێراندا، توانایەکی باشی هەبێت، دەتوانێت ببێتە سەرۆکی ئێران، یان کەسێکی بەتوانای قیبتی ببێتە سەرۆکی میسر، مەسیحییەکی بەتوانا دەبێتە سەرۆکی سوریا، ئەمازیغییەکی بە توانا ببێتە سەرۆکی جەزائیر، کوردێکی بە تواناش دەتوانێت ببێتە سەرۆکی عێراق. ئا لەم کاتەدا بە تەواوەتی دەترسێن و تێک دەچن و هاوار دەکەن: نەخێر، نەخێر، ئەمە دیموکراسی نییە!!!. ئەمە شتیَ قۆڕە تۆ دەیڵێیت. ئەمە بۆ ئێمە ناگونجێت. ئەم شتانە تەنها بۆ ڕۆژئاوا دەگونجێت و دەشێت.

تۆ سەیر بکە چۆن ناسیۆنالیستە عەرەبەکان هێرش دەکەنە سەر پێشەوای کورد "جەلال تاڵەبانی"، چونکە بۆتە سەرۆکی عێراق، لە حاڵەتێکدا هەزار جار لە سەدام حسێن چاکترو پاکترە. ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکە بۆ ڕزیوبوون و هیچی و پووچی سیاسی و ئەخلاقی لە جیهانی عەرەبیماندا. ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە

هێشتا فیکری کۆن بەسەرماندا زاڵە. بەڵام گەلی ئەمریکی ڕازییە کە باراک ئۆباما، ببێتە سەرۆکی ئەمریکا لە کاتێکدا کە ئەو ڕەشپێستە و مێژوویانە کەمینەیەکی بچوکی چەوساوە بوون، لە کاتێکدا ڕەشپێستەکان ڕێژەی 10% ی دانیشتوانی ئەمەریکا پێکدەهێنن. ئەمە بۆچی؟ چونکە باراک ئۆباما بە پێی دەستوری ئەمریکی هاوڵاتییەو وەکو جۆرج بۆش و بیل کلینتۆن هەمان مافی هەیە و هیچ لەوان کەمتر نییە. ئەویش بە هەمان پلەی ئەوان هاوڵاتییە و هەمان ماف و ئەرکی کۆمەڵایەتیی هەیە. گەر لە فەرمانڕەوایەتی ئەمریکا سەرکەوتوو بوو، ئەوا چەپڵەی بۆ لێ دەدەن و گەر سەرکەوتووش نەبوو، ئەوا لە دەسەڵات لای دەبەن.

ئەمەیە مانای تەواوەتی چەمکی "هاوڵاتیبوون" و تەنها مەرەکەبی سەرکاغەزنییە. ئەم گەلە دیموکراتە هیچ ترسیان لەم بڕیارەیان نییە، چونکە خاوەنی ئەو دەزگا دیموکراسییە ڕاستەقینانەن. کاتێک لە بارەی ئەم ترسەوە لە تۆماس جیفرسۆنیان پرسی، کە بە باوکی دەستووری عیلمانی ئەمریکا دادەنرێ، کە هەموو هاوڵاتیانی لە ئەرک و مافدا یەکسان کردو ئایینی لە سیاسەت جیاکردەوە. لێیان پرسی باشە گەر هات و کەسێکی موحەممەدی "واتە موسڵمان" یان کەسێکی بێباوەڕ ببێتە سەرۆکی ئەمریکا تۆ دەڵێیت چی؟ ئەویش گوتی: ئاساییە با ببێت! گەر گەلی ئەمریکی کەسێکی ئازادیان هەڵبژارد،

ئەوا ئێمەش ڕازین. بەڵام ئەو مەبەستی گەلی ئەمریکی خوێندەوارو هۆشیار بوو، کە دەزانێت چی دەوێت و چی ناوێت. نەک گەلێکی توندڕەو و دواکەوتوو جاهیل، کە بە شێوەیەکی کوێرانە دوای قسەی پیاوانی ئایینی دەکەوێت، هەروەک جەماوەرێکی زۆری ئێمە، دوای قسەی شێخە ئاسمانییەکان دەکەوێت[1]. لەبەرئەوە پێشئەوەی مافی دیموکراسی بە گەلێک بدەیت، پێویستە سەرەتا ئەو گەلە هۆشیار بکرێتەوەو ئامادەبکرێ و ڕێژەی نەخوێندەواری زۆر کەم بکرێتەوە، بە شێوەیەک ئەو گەلە بزانێت چاکەو خراپەی خۆی هەڵبژێرێت و فێر بێت بەرنامەی هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکان بخوێنێتەوەو بتوانێت باش کارەکان هەڵبسەنگێنێت و بزانێت کێ هەڵدەبژێرێت. گەر بەم شێوەیە نەبێت، ئەوا ئوسوڵی و ڕەگەزپەرست و تایەفییەکان هەڵدەبژێرێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو، شۆڕشی فیکری و ڕۆشنگەری، پێش شۆڕشی سیاسی کەوت، هەروەک چۆن لە ئەوروپاو ئەمریکای باکوورو جیهانی مۆدێرندا ئەم حاڵەتە دەبینین، دیارە بێجگە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی. ئێمە هەموومان سەرمان سوڕما کاتێک لە پڕێکدا شۆڕشی ئوسوڵی لە ئێران و ئەفغانستان و پاکستان و سۆدان سەری هەڵدا.

---

١ـ مەبەستی ئەو شێخە ئایینییانەی کە لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە فتوا دەدەن...... وەرگێڕ

## داریوش شایگان دەپرسێت:

## شۆڕشی ئایینی مانای چییە؟

دەستەواژەکە خۆی لە خۆیدا ناتەواوەو خۆی لە خۆیدا دژە. بەڵام خومەینی توانی بە شۆڕشە دواکەوتووەکەی سەرکەوێت و کۆمەڵگەش بۆ دواوە بگەڕێنێتەوە. دیارە ئەویش لەبەر هۆیەکی ئاسان. چونکە کارەکان لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا، لینگەوقووچ دەبنەوەو هەنگاو بەرەو دواوە دەنێن. مەبەستم ئەوەیە، کە شۆڕشە سیاسییەکان پێش شۆڕشە فیکرییەکان دەکەون. بەڵام لە فەڕەنسا پێچەوانەی ئەمەبوو. پێش شۆڕشی فەڕەنسی، شۆڕشێکی ڕۆشنگەری فەلسەفەی لەسەر دەستی ڤۆلتێر و جان جاک ڕۆسۆ و دیردۆ،، هتد، دەستی پێکرد و ڕێگای بۆ شۆڕش خۆش کرد و عەقلییەتی خەڵکی ڕۆشنکردەوەو پێی گەیاند. لەبەرئەوە کاتێک شۆڕشێکی ئازاد سەری هەڵدا، بازی بە کۆمەڵگە دا بۆ پێشەوەو بە شێوەیەک کە هیچ کەسێک نەتوانێت بۆ دواوە بیگەڕێنێتەوە دواوە، هەروەک خومەینی بە شۆڕشی ئێرانی کرد، هەروەک چۆن ئەمڕۆش لە میسر گەر ئیخوان دەسەڵات بگرێتە دەست وای لێ دەکات.

با جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ کورسی قوتابخانەکان بەڵکە بۆ قۆناغی سەرەتایی. ئێمە هێشتا لە ڕووی ڕۆشنگەری ئایینیی و فەلسەفییەوە، یەک هەنگاو بەرەو پێشەوە نەچووین. یان دەتوانین بڵێین کەمینەیەکی ڕۆشنبیری خوێندەوار لە بابەتەکە تێگەیشتووەو زۆرینەی خەڵکیش لەژێر دەستی ئوسوڵی و تەوژمە پۆپۆلیستەکانە، کە کەناڵە ئاسمانییە گێرەشێوێنەکان وزەو هێزی گەورەیان پێ دەبەخشێت.

بەڵکە دەتوانم بڵێم هێشتا لەناو هەموو نووسەر و ڕۆشنبیرانی عەرەبیشدا، ئەم کێشەیە یەکلایی نەکراوەتەوە. هەر لەبەرئەوە ناتوانین بچوکترین هەنگاو لە هیچ بوارێکدا بەرەو پێشەوە بنێین. با جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ خاڵی سفر و بپرسین. ڕۆشنگەری ئایینیی چ مانایەک دەبەخشێت؟. لێرەوە پەیوەندی نێوان ڕۆشنگەری فەلسەفی و دیموکراسی تەواو دەبێت. (دیموکراسی بۆ دوژمنانی دیموکراسی نییە، ئازادی بۆ دوژمنانی ئازادی نییە) کە ئەمەش دروشمی شۆڕشی فەڕەنسی بوو.

## پرسێکی نا مێژوویی؟

کاتێک بابەتەکەمان گەیشتە ئەم خاڵە، ناچارم دان بەوەدا بنێم، کە باسکردنی بابەتەکە ناخۆش و هێرشبەر بووە. چونکە من داوا لە گەلانی عەرەبی و ئیسلامی دەکەم، کە شتێک قبوڵ بکەن، کە زۆر زەحمەتە قبوڵی بکەن. داوایان لێ دەکەم کە لە کاتێکی زۆر کەمدا هەنگاوی گەورەو مەزن بنێن. ئەمەش شتێکی ناواقیعی و نائینسانییە. چونکە تۆ ناتوانیت بەم شێوەیە لە ڕەگەوە دەری بهێنیت. ڕووناکبیرە گەورەکان ئاگادارمان دەکەنەوە کە پەلەکردن و بازدان بەسەر قۆناغەکاندا، سزای زۆری هەیە. چونکە گەلانی ئێمە هێشتا قۆناغی ڕۆشنگەری ئایینی نەدیوە و هێشتا شۆڕشە زانستی و فەلسەفی و سیاسییەکانی هەزم نەکردووە، هەروەک چۆن گەلانی ئەوروپی و ئەمریکی بۆ ماوەی سێسەد ساڵە هەزمیان کردووە. لەبەر ئەوە کاکی برا لەسەرخۆ بە! کاری قورسمان بەسەردا مەسەپێنە. تۆزێک سەبرتان هەبێت. بۆئەوەی هیواکانت بە یەک جار بهێنینە دی، دەبێت گەلانی شارستانیمان بۆ هاوردە (ئیکسپۆرت = لەدەرەوەهێنان) بکەیت، چونکە ئەوان دەزانن چۆن ڕێز لە یاسا و سیستەم بگرن. هەر ئەو گەلانەش جێگای گەلانی عەرەبی و ئیسلامی هەژار و دواکەوتوو بگرنەوە، چونکە ئەم

گەلانە هەموو هەینییەک گوێ بۆ شێخ و مەلاکانی مزگەوتەکان دەگرن. ئێمە ناتوانین گەلی هۆڵەندی بهێنین بۆ سوریا و جێگای ئەوان بگرێتەوە، یان ناتوانین گەلی ئەڵمانی بهێنین جێگای گەلی میسڕی و جەزائیری پێ بگرینەوە... هتد. ئەم قسەیەشیان ڕاستە.

ددانی پێدا دەنێم و دەڵێم ڕاست دەکەن. ئەم شتەی من داوای دەکەم لەوانەیە چل تا پەنجا ساڵی تری پێ بچێت. بەڵام تەنانەت باسکردنی شتێکیش، کە هەلومەرجی پراکتیزەبوونی ئەمڕۆ جێبەجێ نابێت، شتێکی باشە، چونکە داهاتوومان ڕۆشن دەکاتەوە. بەڵام پشتگوێخستنی مەسەلەکان و ڕاستی نەگووتن لە کاتی چارەسەرکردنی کێشەکاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تووشی تێکەڵاوییەک بین، لە نێوان چەمکی دیموکراسی و چەمکی زۆرینەی سیاسی لەلایەک و چەمکی زۆرینەی تایەفی لەلایەکی تر. بەم شێوەیەش دیموکراسی تەنها بۆ سندوقی هەڵبژاردن دەگۆڕێت و لە هەموو چەمکە سیاسییە مۆدێرنەکەی و مافی مرۆڤ بۆش دەردەچێت. بەم شێوەیە زۆرینەی شیعەی ئێرانی، سەرۆکێکی شیعە مەزهەب هەڵدەبژێرن و لە میسریش زۆرینەی تایەفی سوونی مەزهەب، سەرۆکێکی موسڵمانی سوونە هەڵدەبژێرن. ئەمەش دژی چەمکی مۆدێرنی دیموکراسییە و دژی ئەو فەلسەفەیەشە کە سەرچاوەی هەڵگرتووە. ئەمە

مانای ئەوەیە، کە بەهیچ شێوەیەک دیموکراسی دروست نابێت.

دەتوانین بڵێین تەنها خۆی لە شتێکی ڕەمزی دەبینێتەوە کە بریتییە لە: پرۆسەی دەنگدان و سندوقی هەڵبژاردن. گەر دیموکراسیش بۆ سندوقی هەڵبژاردن بچوک کرایەوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمە هیچ لە مانای چەمکی دیموکراسی وەکو فەلسەفەیەکی قووڵ و ئینسانی تێنەگەیشتووین. لە فەڕەنسا و ئەڵمانیاو تەواوی وڵاتە مۆدێرنەکاندا، هەڵبژاردن لەسەر بنەمای تایەفی و مەزهەبی ناکرێ، بەڵکە لەسەر بنەمای سیاسی ڕووت ئەنجام دەدرێ. بە واتایەکی تر تەنها لەسەر بەرنامەی هەڵبژاردن کە باسی بواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵات دەکات. لەم کاتەدا دەتوانم دەنگ بە کەسێک بدەم کە سەر بە تایەفەکەی خۆم یان ئایینەکەی خۆم نییە. لەم حاڵەتدا زۆرینەی گەلی ئەڵمانی دەنگ بە پیاوێکی وەکو هیلمەت کۆڵ دەدەن کە سەر بە مەزهەبی کەمینەیە، ئەم پیاوە زۆرترین ماوە حوکمی ئەڵمانیای کرد و توانیشی ئەڵمانیا بکاتەوە بە یەک. ئەوەی ئاشکرایە کۆڵ کاتۆلیکی بوو، لە وڵاتی لۆتەر کە زۆرینەی خەڵکی ئەڵمانی پرۆتستانتن. لەوانە بێت گەلی ئەڵمانیش هەر نەیزانیبێت کە ئەو کاتۆلیکە، چونکە ئەوان تەنها بەرنامەکەیان خوێندۆتەوە. پاشماوەی ئەو شەڕە کۆنەی مەزهەب و تایفەکان لە ئەڵمانیادا، ئەمڕۆ

له ڕێگای عەقڵ و دیالۆگەوە ڕۆشن دەکرێتەوە. ئەڵمانیای پاش لایبنتز و کانت و فیختە و شیلنگ و هیگل و بسمارک، ئەڵمانیای سەدەکانی ناڤین نییە. بەداخەوە حاڵی ئێمە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بەم شێوەیە نییە. ئەمڕۆ گەلی ئەڵمانی هیچ گرینگی بەوە نادات، کە ئەنجیلیکا مێرکل، کچی قەشەیەکی پرۆتستانتی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بووە. ئەوەی کە بەلای گەلی ئەڵمانییەوە گرینگە ئەوەیە، ئەنجیلیکا مێرکل، هاوڵاتییەکی ئەڵمانییە و ژنێکی بەتوانایە و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانیا دەکات. بەڵام لەلای ئێمە سەرەتا خەڵکی پرسیاری ئەوە دەکەن. ئەم کەسە کە دەیەوێت ببێتە سەرۆکی وڵات ئاخۆ سەر بەچ تایەفەیەکە؟ یان سەر بە چ مەزهەب، چ خێڵێکە؟ عەشیرەتەکەی ناوی چییە؟ ئاخۆ سەر بە گرووپەکەی ئێمەیە یان نا؟ ئەمە پێش ئەوەی پرسیاری ئەوە بکەن، ئاخۆ ئەم پیاوە چی لە مێشکیدایە؟ ئاخۆ ئەم کەسە دەتوانێت ئەم بەرپرسیارێتییە وەربگرێت و بەتوانایە؟ یان ئاخۆ ئەم کەسە، کەسێکی دەستپاکە یان نا؟

ئاخۆ گەلێک چۆن دەتوانێت لەم حاڵەتدا سەربکەوێت؟ لەبەرئەوە ئەو کەسانەی کە شەو و ڕۆژ باسی دیموکراسی دەکەن، دوورترین کەسن لە دیموکراسی و فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنەوە، چونکە ئەمانە دیموکراسی و زۆرینەی تایەفی تێکەڵاوی یەکتر دەکەن، کە ئەوان دڵنیان لە کاتی

هەڵبژاردندا، خەڵکی دەنگ بە زۆرینەی تایەفی دەدات و دەیبەنەوە. بەم شێوەیە مەشروعیەتی دیموکراسیمان بە سیستەمی تایەفی داوە، کە لە بنەڕەتدا دیموکراسی بۆ لەناوبردنی سیستەمی تایەفی پەیدا بووە. لێرەوە چەمکەکان بە هەڵەیی تێکەڵی یەکتری دەکرێن. هەر لەبەر ئەوەش بوو. هەر لەسەرەتای باسەکەمەوە خۆم لەم ناڕۆشنی و نادیاریی لە کاتی باسکردنی چەمکی دیموکراسی دوور خستەوە، بۆ ئەوەی تایەفی و دیماگۆگ و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان بە خراپ بەکاری نەهێنن.

کەواتە چارە چییە؟ چی بکەین؟ ڕازی بین بە دیموکراسییەکی ڕەمزی کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی ئوسوڵییەکان؟، یان حوکمی ملهووڕی و پۆلیسی کە لە گەل دوورکەوتۆتەوە و دژ بە گەلە؟ ئاخۆ چارەسەری سێهەم نییە؟ کە لەڕێگایەوە بتوانین لەم کێشە ئاڵۆزە ڕزگارمان بکات؟ چۆن دەتوانین درزێک لە دیواری مێژووی کۆن و چەسپاوماندا بکەین؟

هەوڵدەدەم لە لێکۆڵینەوەیەکی ترمدا، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە.

سەرچاوە:

سایتی الاوان. / هاشم سالح. في مفهوم "الدوله المدنيه" (1). 13. كانون الاول(ديسمبر) 2011.

# قۆناغە مەزنەکانی فەلسەفەی ئەوروپا*

زۆر ئەو کتێبانەم بە دڵە کە بە تایبەتی بۆ خوێندکارانی زانکۆ نووسراون، کە وەکو وانەیەکی بنەڕەتی وان، بۆ ئەوەی سنوری زانیاری خوێندکاران فراوانتر بکات. ئەم کتێبەی کە لە لایەن لێکۆڵەری فەرەنسی "دومینیک فولشید" نووسراوە، خۆی مامۆستایە لە زانکۆی "مارن لافانی" لە نزیک پاریس. ناونیشانی کتێبەکە بەم جۆرەیە: "وێستگە گەورەکانی فەلسەفەی کلاسیک و مۆدێرن و ئێستا". ئەم کتێبە لە لایەن چاپخانەی زانکۆکانی فەرەنساوە چاپ کراوە. نووسەر لەم کتێبەیدا باسی ئەو کتێبە فەلسەفییە گرینگانە دەکات، کە لە ئەوروپا لە سەدەی سیازدەوە تا ئەمڕۆ نووسراون. هەروەها نووسەر باسی ناوی ئەو کتێبانە دەکات، کە کاریگەریی گەورەیان لەسەر فیکری مرۆڤایەتی هەبووە. دیارە ئێمە لێرەدا ناتوانین باسی هەموو

ئەو ناوانە بکەین، چونکە ئەوە بە چەندین وتاریش ناکرێ نەک ئەم وتارەی من. لێ من لە هەندێک وێستگەدا وەستانێک دەکەم، بەتایبەت ئەوانەی کە بەلای منەوە بنەڕەتین. هەر بۆیە سەرەتا داوای لێبوردن لە خوێنەرانی خۆشەویست دەکەم، چونکە ئەم گەشتە خێراو زاڵمەی من، تەنها لە چەند وێستگەیەکدا دەوەستێت و زۆر بە خێرایی دەڕوات و وێستگەکانی تر پەراوێز دەخات. بەڵام هەر ئەمەم لەدەست دێت و چارەی ترم نییە.

دیارە پێشئەوەی دەست بە بابەتەکە بکەم، پێمخۆشە ئەوەتان پێ ڕابگەیەنم، کە نووسەری ئەم کتێبە، پێشتر بە چەندین کتێب، کتێبخانەی فەڕەنسی دەوڵەمەند کردووە، کە جێگای بایەخن لەوانە: فەلسەفەی ئەڵمانی لە کانتەوە بۆ هایدگەر. ڕۆحی ئیلحاد و چارەنووسی، فەلسەفە گەورەکان.... هتد.

سەرەتا لەسەر کانت دەوەستم، کە بە شێوەیەکی تایبەتی بە دامەزرێنەری تازەگەریی فەلسەفە دادەنرێ. کتێبە ناسراوەکەی (ڕەخنە لە عەقلی بێگەرد) کە لە ساڵی 1781 نووسراوە. جێگای گوتنە مێژووی فەلسەفە لێرەوە بۆ دوو بەش دابەش دەکرێت، پێش و پاشی ئەم کتێبە.

دیاره سەرەتا کە کتێبەکە بڵاو بووەوە، پڕ بوو لە دەستەواژەی قوورس و ئاڵۆزو نادیار. هەتا ماوەیەکی زۆر گرینگی و مەزنی ئەم کتێبە بۆ خەڵکی دەرنەکەوتبوو. کتێبەکەی کانت وەکو لێکۆڵینەوەیەکی مەنهەجی وایە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە: من چی دەتوانم لە ژیان فێر بم؟. من دەتوانم چی بکەم؟ من دەتوانم چ خەون و هیوا و ئاواتێکم هەبێت؟

لەڕاستیدا کانت دەیویست سنورێک بۆ ئەو دوو ڕەوتە فەلسەفییە باوەی کە لە سەردەمی ئەودا ڕەواجیان هەبوو دابنێت: یەکەمیان ڕەوتێکی دیماگۆگی و میتافیزیقی بوو، کە پشتی بە کۆمەڵێک یەقینی ڕەهایی و کۆتایی دەبەست، کە هیچ جۆرە نیقاشێک قبوڵ ناکات. دووەمیشیان، ڕەوتێکی بێ-گومانی و بێ-باوەڕی بوو، کە باوەڕی بە هیچ شتێک نەدەکرد. دیارە ئەم دوو ڕەوتە، هەردووکیان فەشەلیان هێنا، چونکە خۆیان بە کۆمەڵێک نیقاشی قوڵی میتافیزیقییەوە خەریک کردبوو، کە هیچ سوودێکی نەبوو. لەم کاتەدا، کانت پەیدا بوو، بۆئەوەی دەرگایەکی نوێ بۆ فەلسەفە بکاتەوە، لەهەمانکاتدا واش لە فەلسەفە بکات، کە سوودی بۆ ڕەگەزی مرۆڤایەتی هەبێت. ئا لەم خاڵەشدا، گرینگی و مەزنی ئەم فەیلەسووفە دەردەکەوێت.

به بڕوای ئەو، گرینگترین شت کە لە سەردەمی ئەودا ڕووی دابێت، زانستی سروشتی و فیزیای و ماتماتیکییە. بە واتایەکی تر، زانستی "نیوتن" کە پشت بە ئەزمونگەرایی و گەڕان بەدوای کەشفکردنی یاساکانی گەردوون دەبەستێت. بە واتایەکی تر، پاشئەوەی زانستی نیوتن پەیدابوو، چی تر ناتوانین باسی فەلسەفە بە شێوەیەکی میتافیزیقی بکەین (واتە لە خت و خۆڕایی باسی فەلسەفە بکەین). لەمڕۆ بە دواوە فەلسەفە دەبێت تێڕوانینێک بێت لەبارەی زانست و ئەنجام و مەنهەجەکەی، چی تر نابێتە وەهمێکی بۆشی میتافیزیقی و چەلەحانێ، کە هیچی تێدا بەسەر نییە. بە واتایەکی تر، ئێمە چی تر ناتوانین هەموو شتێک بڵێین، هەروەک پەیڤی فەلسەفی کۆن دەی کرد، بەڵکە لەمڕۆ بەدواوە، دەبێت پەیڤی فەلسەفە، لەگەڵ پەیڤی زانست بێتەوە، چونکە تەنها زانست ڕاستە و یەقینە. بە مانایەکی تر، ئەو سەردەمە بەسەر چوو، کە هەموو شتێک لە بارەی هەموو شتێکەوە بڵێین، هیچ شتێکیش لە بارەی هەموو شتێکەوە نەڵێین. تەنها بە زمانی زانست دەتوانین قسە بکەین. دیارە مەبەستی کانت، زانستی فیزیا و ماتماتیک بوو، کە نیوتن بە شێوەیەکی بنەڕەتی دایمەزراند، پاش ئەوەی کەشفی یاساکانی کێشکردنی گەردوون و

چەند یاساییەکی سروشتیی دیکەی کرد.

کانت شۆڕشێکی کۆپەرنیکۆسی لە بواری فەلسەفەدا کرد، ڕێک وەکو ئەو شۆڕشەی کۆپەرنیکۆس وابوو، کە لە بواری زانستی گەردوونناسیدا کردی. کۆپەرنیکۆس گوتی کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە نەک بە پێچەوانەوە، کانتیش گوتی کە فەلسەفە دەبێت بە دەوری زانستدا بسووڕێتەوە. زانستی فیزیا و ماتماتیک دەتوانێت کەشفی یاساکانی سروشت بکات، ئەمەش بنەڕەتی مەعریفەیە. بەم شێوەیە کانت فەلسەفە و زانستی لە یەکتری جیاکردەوە، پاشئەوەی بۆ ماوەی چەندین سەدە تێکەڵ ببوون، و زانستیشی پێش شتەکانی تر خست، دەتوانین بڵێین کانت ئەبستمۆلۆژیای داهێنا.

بەڵام دووەمین وێستگەی گرینگی تر لە مێژووی فەلسەفە، بە دڵنیایەوە هیگلە. دیارە پاش کانت یەکسەر هیگل دێت. کتێبە ناسراو و پڕ بایەخەکەی "فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح"، لە کتێبەکەی کانت "ڕەخنە لە عەقڵی بێگەرد" کەمتر نییە. دیارە هیگل ساڵی 1807 تێکستێکی بەناوی "یاسای زانست"ەوە بڵاو کردەوە. تێیدا گوتی: کە فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح، بەشی یەکەمی ئەم سیستەمەیە. بەڵام

کتێبی دووەم کە هیگل بڵاوی کردەوە بەناوی "فەرهەنگی زانستی فەلسەفی، ساڵی 1817" بوو. تێیدا دەڵێت: فەلسەفە خۆی لە خۆیدا پێش دەکەوێت و پێش هەموو شتێکیش دەکەوێت. هەروەها دەڵێت: "مێژووی فەلەسەفە ڕەگێکی درێژی هەیە، هەر بۆیە پێویستە بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی هەر فەلسەفەیەکەوە، دەبێت ڕەچاوی ئەو زەمەنە مێژووییەی خۆی بکەین کە فەلسەفەکەی تێدا لەدایک بووە. چونکە فەلسەفەکە نەوەی سەردەمەکەی خۆیەتی، ئامانجی فەلسەفەش چارەسەرکردنی کێشە گەورەکانە لە سەردەمەکەی خۆیدا.

بەڵام لاهوت "زانستی ئایینی" چ پەیوەندییەکی بە فەلسەفەوە هەیە؟ چۆن دەتوانین لە نێوانیاندا ڕێکەوتن چێ بکەین؟ جێگای گوتنە لاهوتییەکان دەڵێن، کە ڕاستی ڕەهای ئایین، دژی هەموو ڕاستییەکی چکۆلانەو نایەقینیی عەقڵ دەوەستێتەوە. بەڵکە سووکایەتی بە ڕاستییەکانی ژیانیش دەکەن، چونکە ژیان هەتاهەتا نییە و نامێنێت و ماوەیەکە.

بەڵام هیگل پێی وایە کە فەلسەفە و ئایین، هەردووکیان یەک ناوەرۆکیان هەیە، هەردووکیشیان

باسی یەک کێشە دەکەن، بەڵام بە ڕێگای جیاواز. ئایین باسی ڕاستییەکی ڕەها دەکات، بە شێوەیەکی مەجازی و پشتبەستن بە وتەکانی پێغەمبەر بە شێوەیەکی خراپ، لەکاتێکدا فەلسەفە پشت بە ڕێگایەکی لۆژیکی و عەقڵانی دەبەستێت. بە مانایەکی تر، تێڕوانینی فەلسەفی؛ واتە گواستنەوە لە قۆناغی تێڕوانینی خەیاڵییەوە، بۆ قۆناغی تێگەیشتن و عەقڵانی سەیرکردنی شتەکان. بە هیچ جۆرێک فەلسەفە و کرۆکی ئایین دژی یەکتری نین. بەڵام فەلسەفە دژی تێڕوانینی ڕووکەشی و ساکاری ئایینە. ئا لەم حاڵەتدا زۆر دژی یەکترن و ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە.

وێستگەی سێهەم کە تێیدا وەستانێک دەکەین، بریتییە لە "ئۆگست کۆنت" و کتێبە بەناوبانگەکەی: "وانەگەلی فەلسەفەی ئەزموونگەرایی (1830ـ 1842)". لەم کتێبەدا کۆنت دەڵێت: "مەعریفە بریتی نییە لە لێکۆڵینەوەیەکی خۆڕایی، بەڵکە ئامانجی ئەوەیە کە سوود بە مرۆڤایەتی بگەیەنێت و پێشی بخات و باری ژیانی باش بکات".

دیارە ناتوانین دیدی ئەزمونگەرایی تەنها وەکو پرەنسیبێکی زانستگەرایی سەیر بکەین: واتە لە پەرستنی زانست و باوەڕبوون پێی، تووندڕەو بین.

فەلسەفەی ئەزموونگەرایی پێی وایە کە گەیشتن بە مەعریفەی ڕەهایی، کارێکی ئاستەمەو نابێت. لەبەرئەوە زانست ناتوانێت دەرک بە هەموو شتەکان بکات، کە ئەمەش پێچەوانەی دیدی زانستگەراییەکانە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە جیاوازی لە نێوان ئەزمونگەرایی و زانستگەراییدا هەیە. بە واتاییەکی تر هەردووکیان یەک شت نین، هەروەک هەندێکجار وا هەست دەکەین.

دیارە لێرەدا دەبێت بە کورتی باسی کتێبەکانی هیگل "فەلسەفەی مێژوو، مێژووی فەلسەفە" بکەم. لەبارەی یەکەمیانەوە، هیگل پێیوایە کە مێژوو بریتی نییە لە فەوزایەکی خۆرایی، یان تێکەڵ و پێکەڵکردنی کۆمەڵێک ڕووداوی ئاڵۆز بەبێ هۆ و ئامانج، بەڵکە ئەمە کارێکی عەقڵانییە و هۆکار و ئەنجامی خۆی هەیە. خودا (الله)، مێژوو دەبات بەڕێوە و سەرپەرشتیی دەکات. بەڵام فەیلەسووف کاری ئەوەیە، پاشئەوەی ڕووداوەکە ڕووی داوە و تەواو بووە، شرۆڤەی مێژوو بکات. ڕووداوە گەورەو ئاڵۆزەکانی مێژوو، پێویستییان بە فەیلەسوفێک هەیە بۆئەوەی شرۆڤەی بکات و تێی بگات، هەروەها دەزووی پەیوەندی نهێنی ئەم ڕووداوانە بدۆزێتەوە. خەڵکیش لە ڕێگای کارەکانیان لە بواری مێژوودا، دەتوانن لە پلانە گەورەکانی خودای گەورە تێبگەن،

بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەبێئەوەی هەستی پێبکەن.

بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئەوان ملکەچی ئامانج و هەڵچوونە بێماناکانیان و بەرژەوەندییە شەخسییە تەسکەکانیانن. هەرچەندە مێژوو کۆمەڵێک شێوەی ناعەقڵانیی و فەوزاویی و جەریمەکاری تێدا ڕوو دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژوو شتێکی عەقڵانییە.

بەڵام لەبارەی کتێبی "مێژووی فەلسەفە"، هیگل دەڵێت: ڕۆحی ڕەهای مێژوو لە ڕێگای فەیلەسووفە گەورەکانەوە بەرجەستە دەبێت. بۆ نموونە لەڕۆحی کەسانی وەکو سوقڕات، ئەفلاتون، ئەرستۆ، دیکارت و کانت بەرجەستە دەبێت.

لە هەموو سەردەمێکدا فەیلەسووفێکی گەورە پەیدا دەبێت، بۆئەوەی عەقڵانیبوونی فەلسەفە لە خۆیدا بەرجەستە بکات. دیارە هەموو کاتێک عەقڵانییەت پلەیەکی زیاتر سەردەکەوێت و پێدەگات، هەتا لە فەلسەفەی هیگلدا بە تەواوەتی پێگەیشت. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە ڕۆحی ڕەهای فەلسەفە لە خودی خۆیدا شێوەیەکی کامڵی هەیە. بەم شێوەیە هیگل باسی مێژووی فەلسەفەی دەکرد، لە دێر زەمانەوە هەتاوەکو ئێستا. بەڵام ئەم بە شێوەیەکی

زاتی نەک بابەتیانە باسی فەیلەسووفەکانی دەکرد، چونکە ئەو بەپێی دیدی تایبەتی خۆی و پرۆژە فەلسەفییەکەی خۆی لێکدانەوەی دەکرد. هەر بۆیە هیگل "مێژووی فەلسەفی" فەلسەفەی پێش خست نەک مێژوو "مێژووی فەلسەفە".

بەڵام ئەمە هیچ لە گەورەیی و مەزنی کارەکەی کەم ناکاتەوە. بەڵکە بە پێچەوانەوە ئێمە لە کارەکەی ئەودا کۆمەڵێک سەرنجی وردو درشت و گرنگ دەبینین. (سەیری ئەوە بکە چی لەبارەی دیکارتەوە دەڵێت، یان لە بارەی فەیلەسووفەکانی تر و ئەو ڕۆڵە گرینگەی کە لە مێژوودا گێڕاویانە، بۆ پێشەوەچوونی باری مەعریفی مرۆڤایەتی) ئەو تەنها بە نووکە قەڵەمێک یان بە دەستەواژەیەکی کورت توانیوویەتی گوزارشت بکات، بۆ نمونە: لە بارەی دیکارتەوە دەڵێت: ئەو دامەزرێنەر و مامۆستای فەلەسەفەی مۆدێرنە، ئەو فەلسەفە مۆدێرنەی، بەڕووی سەدەی ناوەڕاست و فەیلەسووفە سیکولائی و تیکراری وشکەکانیدا داخست. یان دەڵێت: "ئەو پاڵەوانێکە کە پێشکەشی فیکر کرا".

دیارەئەم گوزارشتە پڕ بە پڕی دیکارتە، چونکە ئەو تەنها زانایەکی مەزن نەبوو کە خاوەنی زانیارییەکی ئێجگار زۆر بوو، بەڵکە ئەو زۆر ئازاو

جوامێریش بوو، چونکه زۆر ئازایانه توانی گەورەترین کودەتای فەلسەفی له سەردەمەکەی خۆیدا بکات. واته کودەتای بەسەر فەلسەفەی ئەرستۆدا کرد و لاپەڕەیەکی نوێی له مێژووی فەلسەفه کردەوه.

من لێرەدا ساتێک دەوەستم بۆ ئەوەی بڵێم که فەیلەسووفه گەورەکانی وەکو دیکارت و کانت و هیگل، گوزارشت له دیاردە گەورەکانی مێژوو دەکەن، ڕێک وەکو پێغەمبەرەکان وان*[2*]. چونکه ئەوان لەهەر سەردەمێکدا زۆر دەگمەن و دانسقەن، به پەنجەکانی دەست دەژمێررێن. کاتێک فەیلەسوفێکی مەزن دەردەکەوێت، خەڵکی وا هەست دەکەن که شتێک ڕووی داوەو دەرگا داخراوەکان دەکرێنەوە. وا هەست دەکەن که گرێ کوێرەکانی مێژوو چارەسەر کراون، پاشئەوەی بۆ ماوەی چەندین سەدە هەروا مابوونەوە. یان به واتایەکی تر، شته داخراو و شاراوەکان کرانەوە و نەجات بوو. بەم شێوەیه مێژوو، پاش ماوەیەکی زۆر ناخۆش، هەناسەی ئازادی و مورتاحی هەڵدەمژێت.

بەم شێوەیه کاتێک کانت پەیدا بوو، ئەڵمانییەکان دەستیان کرد به گێڕانی شایی و

---

٢- * مەبەستی نووسەر ئەوەیە، که ئەو کەسانەی وەکو دیکارت و هیگل و کانت، زۆر کەم کەسی وا زیرەک و بەتوانا هەڵدەکەوێت........ وەرگێڕ

هەلهەلە لێدان، گوتیان ئەمە پێغەمبەرێکی تازەیە و ڕێگای ڕاست و سەرفرازیمان پێ پیشان دەدات. بەم شێوەیە لە خۆیان دڵنیا بوون و چی تر ترسیان لە داهاتوو نەما، چونکە ئەو پیاوەی چاوەڕێیان دەکرد لەدایک بوو. ئەو پیاوەی کە دەتوانێت ڕاستی کەشف بکات، ئێستا لەبەر دەستیانە. هەر هەمان شتیش دەتوانین لەبارەی هیگلەوە بڵێین. بەڵام لە عەرەبدا، کەس پەیدا نەبوو و کەسیش دڵگران نەبوو، یەک ڕووناکبیریشی نییە بتوانێت کە بە قووڵی شرۆڤە بۆ ڕووداوەکان بکات و پێمان بڵێت چی دەگوزەرێت. هەموومان لە دەوری خۆمان و بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێینەوە... هەموومان لەناو سەردەمێکی هیچ و پووچدا نوقم بووین. چونکە کەسایەتیی فیکریی مەزنمان لێ نوقسانە، ناڵێم بە قەبارەی دیکارت یان جان جاک ڕۆسۆ یان کانت، هیگل، چونکە ئەمە کارێکی نەکردەیە، بەڵکە بە قەبارەی خوێندکارەکانیان یان خوێندکاری خوێندکارییەکانیشمان نییە.

لێرەوە دەپەڕێمەوە بۆ لای (کیرکەگارد. 1855/1913). ئەمیش وەکو مارکس، خوێندکاری هیگل بوو. بەڵام ئەمیش وەکو فەیلەسووفی کۆمۆنیستەکان، کودەتای بەسەر مامۆستاکەیدا کرد، هەرچەندە لەبەر هۆ و ئامانجی جیاواز بوو.

کیرکەگارد جەختی خۆی لە فەلسەفەی بوونیاتگەری و تاکگەرایی دەکرد و نکوولّی لە فەلسەفەی بابەتی سارد دەکردەوە کە پشت بە زانست دەبەستێت (واتە فەلسەفەکەی هیگل). کیرکەگارد هیچ لە زانکۆ نەیخوێند، هەروەک مامۆستاکانی "شیلینیگ و هیگل". دیارە لەکاتی خۆیدا زۆر دژایەتی دەکرا، چونکە بە پێچەوانەی ڕەوتی باوەوە (ڕەوتی فەلسەفی ئەو کاتە) هەڵدەسووڕا. بەڵام کاریگەرییەکی مەزنی هەیە، چونکە هەندێک کەس پێیان وایە، کە ئەمە یەکەمین فەیلەسووفی فەلسەفەی بوونیاتگەراییە. دیارە لە پاش خۆی فەلسەفەی بوونیاتگەرایی بوو بە دوو بەشەوە: بەشێکیان بوونە هۆگر و هەواداری ئەو، ئەویان بە پێشەوای خۆیان دادەنا، و بەشێکی مولحیدیش کە (هایدگەر و سارتەر) ڕابەرایەتییان دەکرد.

کیرکەگارد هەوڵی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو، کە کۆمەڵێک دەستەواژەو چەمکی نامۆی فەلسەفی داهێنا، وەکو: بونیاتگەرایی، تاک، تناقض، دووبارەبوونەوە، تاکگەرایی، ترس، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی... هتد. وە هەموو فەلسەفەکەشی لە خزمەتی چارەسەرکردنی کێشە تایبەتییەکان تەرخان کرد، بە تایبەتی کێشەی دڵەڕاوکێی ترسناک، کە بە تەواوی ناخی کەسەکە

داگیردەکات و ناهێڵێت ئەو کەسە یەک دەقیقە مورتاح و ئاسوودە بێت. هەروەها بوونی هەستێکی قووڵ بە تاوان و هەڵەکردن.

جێگای گوتنە پاشان نەخۆشی دڵەڕاوکێ و هەروەها بڵاوبوونەوەی فیکری نامۆیی و ناماقوڵ، بوو بە کێشەیەکی گشتی هەموو ڕۆژئاوا. هەر بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە پشکەکانی کیرکەگارد زۆر بەرز بووەوە هەتا بوو بە یەکەمین فەیلەسووفی ڕۆژئاوا. بەڵکە زۆر لە وڵاتە بچوکەکەی خۆیدا گەورە بوو، واتە (دانیمارک). بە پێچەوانەی هیگلەوە، کیرکەگارد ڕووناکبیرێکی زاتی بوو نەک بابەتی. ئەو ڕووناکبیرێکی تەواو تراژیدی بوو، هەر بۆیە هەست بە تازەگەری و نزیکی دەکەین لێی، چونکە ئێمە نەوەی سەردەمێکی تراژیدین. ئەو لە دڵەوە بۆ دڵ قسەمان لەگەڵ دەکات. هایدگەر بە یەک ڕستە گوزارشتی لێ دەکات و دەڵێت: ئەو تاکە ڕووناکبیری مەسیحی بوو لە سەردەمەکەی خۆیدا. ئەو ئەم پرسیارەی دەکرد: چۆن دەتوانیت ببیت بە مەسیحی لە وڵاتێکدا کە هەموویان مەسیحین؟ دیارە لێرەدا مەبەستی کرۆکی ئایینی مەسیحی بوو، نەک تقووسات و خورافات و لادانەکان و کۆت و بەندەکانی. لەبەر ئەوە، ئەو یەکەمین دوژمنی پیاوانی ئایینی بوو لە سەردەمەکەی خۆیدا، چونکە

زۆر ڕووکەش و مونافیق و ئوسوڵی بوون، ڕێک وەکو پیاوانی ئایینی ئێستای لای خۆمان.

گرنگترین کتێبی بریتییە لە: (ترس و لەرزین، چەمکی دڵەڕاوکێ، چەند وێستگەیەکی ژیان، پەیامێک بۆ خەمۆکی..... هتد). ئەوەی کە لە سەردەمی ئەودا زۆر ئازاری دەدا، بوونی هەستکردن بە خەمۆکی، یا زۆرجار خەریک بوو شێت دەبوو. ساڵی 1863 ئێرنست ڕینان (1823/1892) ، کتێبی (ژیانی عیسای پێغەمبەر) چاپ و بڵاو کردەوە. کە بۆ خوێندنەوەی دەقە ئایینییەکان، مەنهەجی مێژوویی بەکارهێنا. ئەمەش بوو بە هۆی پەیدابوونی هەڵمەتێکی گەورەی ناڕەزایی لەلایەن ناوەندە ئایینییە توندڕەوەکانەوە، ئەوانەی کە لەسەر پیرۆزکردنی شتەکان ڕاهاتوون. لەبەر ئەوە دیدە مێژووییەکەی زۆر بە قووڵی ئەوانی تووشی شۆک کرد. بەڵام لە ڕووی فەلسەفییەوە کتێبی گرینگی "ڕینان"، کتێبی (چارەنووسی زاستە) کە لە ساڵی 1848 نووسی، بەڵام هەتاوەکو ساڵی 1890 نەیتوانی چاپی بکات. تێیدا ڕینان باوەڕێکی موتڵەقی بە زانست هەیەو پێشی وایە دەتوانێت چارەسەری هەموو کێشەکان بکات. لەو کاتەدا زۆرکەس تاوانباریان کرد بەوەی، کە زۆر مەیلێکی زانستیی توندڕەوی هەیە، ئەویش لەبەر ئەوەی

زۆر گرینگی بە زانستی فیزیا، ماتماتیک، بایۆلۆژی دەدا. هەروەها دەشڵێن گوایە ڕینان گوتوویەتی کە لە کۆتاییدا لە ئەوروپادا زانست جێگای ئایین دەگرێتەوە. بەڵام ئاخۆ لەم بۆچوونەیدا هەڵەبوو؟ ئایا کۆمەڵگە ئەوروپییەکان نەبوونە بەهەشتی خودا لەسەر زەوی، بەتایبەت لە ڕووی زانست، عیلمانییەت، مۆدێرنیتە، بوونی ئازادییەکی ڕەها بۆ تاک و گرووپەکان؟

بەڵام لە سەدەی بیستدا، دەبێت باس لە فەلسەفەی پراگماتیکی، ولیەم جیمس (1842/1910) بکەین. ساڵی 1907 کتێبەکەی چاپ بوو، کە بوو بە هۆی ئەوەی ناوبانگێکی گەورە بۆ ئەم فەلسەفەیە پەیدا بێت و هەژموونی خۆی بەسەر عەقڵیەتی ئەمریکی بسەپێنێت. جیمس پێی وابوو، بۆ هەڵسەنگاندنی هەر بیرێک بۆئەوەی بزانین باشە یان خراپە، پەیوەستە بەوەی کە ئاخۆ ئەو فیکرەیە لە ئەرزی واقیعیدا چەندە سوودی هەیە، ئیتر هیچ ڕاستی و دروستی ئەم فیکرەیە گرنگ نییە. دیارە ئێمە دەزانین کە "ڕاستی" گوزارشت لە پرۆسەیەکی بەردەوامی دەکات و مانایەکی حازردەستی نییە. ناشتوانین لێی دڵنیا بین هەتا ئەو کاتەی تاک لێی ڕازی نەبێت. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە لەیەک کاتدا

ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕاستی ببینەوە. ئەمەش پرەنسیبی فرەیی "التعددیة" پێک دەهێنێت.

بەڵام دووەمین فەیلەسووفی گەورە کە کاریگەری بەسەر عەقڵیەتی ئەمریکییەوە هەبوو، "جۆن دیوی، 1859/1952" بوو. وەکو دیارە ئەم تەمەنێکی زۆر ژیا، کە دەگاتە نزیکەی یەک سەدە. گرینگترین کتێبی بریتییە لە "سروشت و هەڵس و کەوتی مرۆڤ". کە لە ساڵی 1922 چاپ کرا. دیوی زیاتر لەناو فەلسەفەی پراگماتیکیدا ناوبانگی دەرکرد، بەتایبەت پاشئەوەی ڕەوتێکی نوێی دانا، کە بە "فەلسەفەی ئامێری" ناو دەبرێت. دیوی پێی وایە پێویستە مەعریفە وەکو ئامێرێک وا بێت بۆ مومارەسەی عەمەلی، گەر وا نەبێت ئەوا هیچ سوودی نییە. گەر فەلسەفەیەک نەتوانێت چارەسەری ئەو کێشانە بکات کە ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەوا هیچ پێویست ناکات خۆمانی پێوە خەریک بکەین. هەروەها دیوی بە فەیلەسووفی سیستەمی پەروەردەی ئەمریکی دادەنرێ، زیاتر بەوەش ناوبانگی دەرکرد. هەموو قووتابییەکانی ئەمریکاش لەسەر بنەمای تیۆرییە بیداگۆگییەکانی ئەو پەروەردە کران. ئەزمونیش سەلماندی، کە باشترین و سەرکەوتووترین تیۆرین.

هەروەها ئەم فەیلەسووفە گەورەیە، بەشدار بوو لە دامەزراندنی "زانستی کۆمەڵایەتیی ئەمریکی". جێگای گووتنە ڕیشەی تیۆرییەکەی جۆن دیوی، دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسووفە گەورەکانی پێش خۆی بەتایبەتی "ئەرستۆ و هیگل". هەندێک کەسیش پێیان وایە کە تیۆرییەکەی جۆن دیوی، وەکو شۆڕشێکی کۆپەرنیکۆسیی وایە لە بواری زانستی سایکۆلۆژی و پەروەردەدا.

ئەم فەیلەسووفە ، گرنگییەکی زۆری بە دەورو پشتی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵە یان ئەو قوتابییە دەدا، کە تێیدا دەژی و پێی وابوو کە دەورووبەر ڕۆڵێکی گەورەو حاشاهەڵنەگری هەیە، لە پەروەردەکردن و دروستکردنی کەسایەتی منداڵ. بە شێوەیەکی گشتی، عەقڵیەتی ئەمریکی پەیوەستە بە فەلسەفەی پراگماتیکییەوە، بەڵام مەرجیش نییە مەبەست لەمە تەنها مانا هەلپەرست و هەرزانەکەی فەلسەفەی پراگماتیکی بێت.

لە ساڵی 1947 کتێبێکی گرینگی دامەزرێنەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت "هۆرکهایمەر (1895/1973) و تیۆدۆر ئادرنۆ (1903/1969)، لە ژێر ناونیشانی "جەدەلیەتی عەقڵی" بڵاوبووەوە. لەم کتێبەدا ڕەخنەی توندیان لە عەقڵیەتی ڕۆژئاوایی گرت، کە

بۆتە ئامرازێک بۆ هەژمونگەری و کۆنترۆڵکردنی نەک تەنها سروشت، بەڵکە مرۆڤیش. پاشان هۆرکهایمەر کتێبێکی تری بەناوی "ڕۆژئاوابوونی عەقڵ"، تێیدا گووتی: عەقڵ بۆ ئامرازێکی حسابی و بێ گیان گۆڕاوە، کە تەنها ئامانجی قازانج و هەژمونگەرییە، هەر ئەمەش بنەوای خراپەیە لە جیهانی مۆدێرندا.

جیهانی بۆرجوازی یان سەرمایەداری، عەقڵ وەکو ئامرازێک بۆ ئازادی بەکارناهێنێت، بەڵکە وەکو ئامرازێک بۆ چەوساندنەوەی خەڵکی تر، یان کۆڵنیالیزەکردن و سەپاندنی هەژمونی خۆی بە سەریاندا بەکار دەهێنێت. بەڵکە ئەو "چینی سەرمایەداری"ی عەقڵ، لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییشدا بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان بچەوسێنێتەوە، ئەمەش بۆ مەبەستی کەڵەکەبوونی سەرمایەداری لەلایەن چینی بۆرجوازی بەرزەوە. لەبەر ئەوە عەقڵ ئامرازێکە لە ڕێگای چاکە و خراپە بەکاردێت، هەروەها عەقڵ ئامرازێکی چالاک و کوشندەیە، بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکان.

جێگای گوتنە ڕەخنەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بە بەهێزترین و جددیترین ڕەخنە دادەنرێن کە لە

**کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا گیراوە. لێ هەندێک ڕووناکبیر لەو باوەڕەدان کە قوتابخانەی فرانکفۆرت، زیاد لە پێویست ڕەخنەی لە عەقڵ و عەقڵانییەت گرتووە، بە شێوەیەک کە وای کردووە فیکری عەقڵ لەناو ببات. دیارە بەهەمان شێوە ئەم ڕەخنەیە لە میشێل فۆکۆ دەگیرێت، کە ئەویش هەمان ڕێچکەی قوتابخانەی فرانکفۆرتی دەگرتە بەر.**

**لێ ئەم بابەتە پێویستی بە وەستانێکی باش هەیە، لەوانەیە ئەمە ترسناکترین بابەتی فیکری بێت کە لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەی دواییدا، فەیلەسووفەکانی ڕۆژئاوا پێوەی خەریکن. هەر بۆیە لە بارەی ئەم بابەتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی بۆ دادەنێین، کە ئێستا خەریکی ئامادەکردنی ئەم بابەتەم.**

پەراوێز:

دیارە ئەم وتارە ناونیشانێکی تری هەبوو، بەڵام ئەم ناونیشانەمان بۆ هەڵبژارد، چونکە باشتر لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی دێتەوە.

سەرچاوە:

هاشم ساڵح. محطات الكبيرة في فلسفة الاوروبية. سایتی الاوان.

# دیکارت و شەڕێکی ترسناک
# لەگەڵ خودی خۆی



پێشتر وتمان پاش فرانسیس بیکۆن، دووەمین مامۆستای ڕۆژئاوای دیکارتە. دیارە یەکەمینجار برادەرە پاریسییەکانی خۆی هەستیان بەم ڕاستییە کرد، بەتایبەت پاشئەوەی چەند سیمایەکی گەورەی بلیمەتییان تێدا بەدی کرد. هەر بۆیە یەکێک لە هاوەڵەکانی پێی وت: *"ئێمە هەموومان پشت بە تۆ دەبەستین، بۆ ئەوەی پرۆژەکەی بیکۆن تەواو بکەیت و جێگای ئەو بگریتەوەو ڕێگای ڕاست پیشانی کۆمەڵگەی ئەوروپی بدەیت"*.

هەروەها ئامۆژگارییان کرد کە زۆر ئاگای لەخۆی بێت و بگرە باشترە کە وڵات بەجێ بهێڵێت، چونکە دڵنیان کە پاشتر ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە. چونکە کەسێک کە خاوەنی ئەو هەموو زیرەکی و بلیمەتییە بێت، ناتوانێت بە ئاسوودەیی لێرە بژی. درەنگ یان زوو کەشفی دەکەن و دەست دەکەن بە گێچەڵکردن پێی. درەنگ یان زوو، ناچار دەبێت لەگەڵ باوەڕی زۆرینە کە هێزە دەسەڵاتدارەکان پشتگیری دەکەن، بکەوێتە شەڕێکی ئاشکراو ڕاستەوخۆوە. ئەویش هەر ئەمەی کرد کە ئەوان پێیان وت، زۆربەی زۆری ژیانی لە دەرەوەی وڵاتە ئەسڵییەکەی خۆی "فەڕەنسا" بەسەر برد، چونکە ئەو کات وڵاتێکی کاتۆلیکی و ملهوڕی ئوسوڵی بوو. فەڕەنسا بە هیچ شێوەیەک وەکو هۆڵەندا و

وڵاتانی باکوری ئەوروپا کە زۆربەیان پرۆتستانت بوون، باوەڕی بە ئازادی بیروڕا نەبوو.

مەزنیی دیکارت لە کوێدایە؟ لەوەدایە کە توانی شەڕێکی گەورە لەگەڵ خودی خۆی بکات، بەم شێوەیەش گەورە بوو و لە شەڕەکەش سەرکەتوو بوو.! خەڵکانێکی زۆر هەر لە هەمان ڕێگای ئەودا گوم دەبن و ناگەنە هیچ ئەنجامێک. ئاخر هەموو کاتێک بە سەلامەتی گۆزەکە نابەیتەوە. بەڵێ ئەو پێشئەوەی شەڕ لەگەڵ جیهانی دەرەوەی سەدە ناوەڕاستی و یەقینییە سەپاوەکاندا بکات، توانی بە ئازاترین شێوە، گەورەترین شەڕ لەگەڵ خودی خۆی بکات. ئەو توانی پاش گومانێکی زۆر و بێسنوور کە خەریک بوو لە ناوی بەرێت و بە تەواوەتی مێشکی لەدەست بدات، بگاتە ڕاستی "یەقینێکی سارد". بە مانایەکی تر، ئەو کەسەی کە بنەڕەتی عەقڵانییەتی مۆدێرنی دامەزراند، لە ساتێک لە ساتەکانی ژیانیدا لە لێواری شێتبوون نزیکبووە. کێ باوەڕ بەمە دەکات؟ ئەو خودی خۆی ددانی پێدا دەنێت. بەهۆی ئەو گومانە زۆرەوە، گومان ناخی وێران کرد و زۆر ئازاری چەشت و بەرەو دۆزەخی گومانی برد، بە شێوەیەک خەریک بوو پێی خۆی لەسەر زەوی ڕانەگرێت. بەم شێوەیە سەیر دەکەین، کە دامەزرێنەری عەقڵانیەتی فەڕەنسی و ئەوروپی بە گشتی، بەو شێوەی ئێمە بۆی دەچین، کەسێکی عەقڵانی نەبووە، بەڵکە لە هەندێک کاتدا، ئەگەری

ئەوە هەبووە کە بەرەو سنووری شێتی بڕوات.[1]

بەڵام لە دوایین ساتدا توانی خۆی ڕزگار بکات، کاتێک ڕاستی لە بەردەم چاویا دۆزیەوە. ئەو هەروەک عاشقێکی گەورە، هەموو ژیانی بۆ دۆزینەوەی ڕاستی بەخشیبوو. لەکۆتاییدا دیکارت گەیشتە مەنزڵ، گەیشتە وشکانی، گەیشتە کیشوەرێکی نوێ. ئای چەندە لەو کاتەدا دڵخۆش بوو، چەندە بە ئاسوودەیی هەناسەی هەڵمژی، چەندە سووپاسگوزاری خودای کرد (پێدەچێت لێشی ترسابێت).[2] ئا لەم کاتەدا ئینجا زانی، کە ئەو بەرپرسە لە سەرۆکایەتیکردنی ڕۆژئاوا و بەرەو ڕێگای ڕزگاری بەرێت و کلیل و مەنهەجێکی ڕاستی پێ دان، تاوەکو لەو تاریکییە قووڵەو سەرلێشێواوییە ڕزگاریان بکات. بەم شێوەیە وانەیەکی باشی پێ داین دەربارەی پێویستیبوون بەوەی کە شەڕێکی گەورە لەگەڵ خودی خۆمان بکەین، هەرچەندە نرخی زۆریشمان دابێت. لێرەدا مەبەست لە خودی تاک و خودی کۆمەڵ یەک شتە. ڕاستی هیچ نییە جگە لە ئەنجامگیری ئەم شەڕە ناوخۆییەی خودی خۆمان. وەحی بریتییە لە تەقینەوەیەکی ناوخۆیی، کە هەموو ناخ و دەروونمان دەهەژێنێت. لێ دیکارت وەکو هەموو پێغەمبەرێک و فەیلەسووفێکی گەورە، هەستی کرد کە ئەمەش وەکو وەحییەک لە ئاسمانەوە بۆی دابەزیوەو ڕزگاری کرد، هەر بۆیە سوپاسی خودای کرد، بۆ ئەم دیارییە گرینگەی کە

به هیچ شێوەیەک نرخی ناپێورێ.

بۆئەوەی باشتر لە بۆچوونەکەم تێبگەن دەڵێم: ئێمە بەگشتی حەز دەکەین کە خەڵکی تر بە دواکەوتوویی و توندڕەوی و تایەفی و ڕەگەزپەرستی و هەمەجی.... هتد، تاوانبار بکەین. لێ زۆر بەدەگمەن خۆمان بەم تۆمەتانە یان بەشێکی بچوکی تۆمەتبار دەکەین. بەدەگمەن بە مێشکماندا ئەم پرسیارە دێت: چی ڕووی دەدا گەر ئێمە تایەفی یان ڕەگەزپەرست بین؟ چی دەبێت گەر بڵێین پەروەردەی ماڵەوەمان، پەروەردەی باوک و باپیرانمان هەڵەیە، پڕیەتی لە یەقینیاتی سەپێنراو و حوکمی پێش وەختی؟ هەموو ئەم کولتوورە تەنها بە شان و باڵی تایەفەکەی خۆیەتی و ڕق و کینەیی دژ بە تایفەکانی تر بڵاو دەکاتەوەو وا پیشان دەدات کە ئێمە خاوەنی ڕاستییەکی ڕەهاین. هێندە ئازا نین کە بتوانین ئەم باسە بکەین، چونکە لە ناخەوە دەمانهەژێنێت و لەگەڵ خودی خۆمان دەمانخاتە شەڕێکی گەورەوە، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە هەر لە منداڵییەوە ناخمانی پڕ کردووە، کە خۆشەویسترین شتن لامان. زۆر زۆر ئاسانە کە خەڵکی تر تاوانبار بکەین، لێ زۆر زۆر زەحمەتە بتوانین خۆمان تاوانبار بکەین. ئەم کارە زەحمەتەش دیکارت کردی. لە ساتێک لە ساتەکانی ژیاندا بڕیارێکی زۆر شێتانەی دا: ئەویش ئەوەبوو کە گومان لە هەموو ئەو فیکرانەی

پێشووی خۆی بکات، کە هەر لە شیری دایکیەوە تا ئەو فیکرانەی کە لەگەڵ خێزان و قوتابخانە و مامۆستاکانی فێری بووە. بڕیاری دا هەموو ئەو فیکرانەی کە لە مێشکیدان بە شێوەیەکی تەواوەتی بشواتەوەو پاشان کۆمەڵێک یەقینی نوێ لەسەر زەوی نوێ دابمەزرێنێت، زەوییەک کە کۆمەڵێک کۆڵەکەی بەهێزی هەیە. هەر بۆیە هیگل وەسفی دەکات و دەڵێت: ”دیکارت پێشەنگ و پاڵەوانی فیکر بوو“. هیگل باش دەیزانی چی دەڵێت، چونکە ئەو بۆ خۆشی هەمان ئاستی ئەوی هەبوو.

گومان بە شێوەیەکی زۆر سەیر کاری لە دیکارت کرد، بۆ نمونە گومانی لەو کورسییە دەکرد کە لە سەری دانیشتووە، یان ئەو مێزەی کە لەبەر دەمیدایە!. لەهەندێک ساتدا لەبەر گومانکردن وای لێ دەکرد کە خەریک بوو مێشکیشی لەدەست بدات[3]. وای لێ هات گومانی لە هەموو جیهانی دەرەکی دەکرد. لێ لە دوا وێستگەداو پاش شەڕێکی ئێجگار توند لەگەڵ خودی خۆی، توانی بگاتە ئەم یەقینەی خوارەوە: ”ئەگەر تۆ گومان بکەیت و گومانیش ناخت بهەژێنێت و ئازارو نارەحەتت بکات، کەواتە نابێت گومان لەوە بکەیت کە تۆ بەگومانیت! هەر لێرەشەوە گەیشتە سەر ڕستە بەناوبانگەکەی کە دەڵێت: من گومان دەکەم، کەواتە بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم“.

ئەمەش ئەو ڕاستییە تۆکمەیەیە، کە دیکارت پێی گەیشت و هەموو سیستەمی فەلسەفی خۆشی لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراند. ئەو بە ڕاستییەک گەیشت کە سەرچاوەکەی لە گومانەوە دروست دەبێت تەنانەت گومانی ڕادیکاڵیش. ئەو گەیشتە ئەم سنووورە: "ئەگەر من بیر بکەمەوە، تەنانەت گەر گومانیش بکەم، ئەوا پێویستە من شتێک بم، هەر بۆیە پێویستە من هەبم بۆ ئەوەی گومان بکەم".

پێدەچێت من بە بەردەوامی هەڵە بم، یان هەڵخەڵەتێنراو بم، پێدەچێت هەموو فیکرەکانم هەڵە بن، پێدەچێت من لە لایەن بلیمەتێکی پیس و ساختەچییەوە گاڵتەم پێ کرابێت. بەڵام لەبەرئەوەی هەڵە بکەم یان هەڵبخەڵەتێم، پێویستە بەلایەنی کەمەوە من بوونم هەبێت! من ناتوانم هەڵبخەڵەتێم ئەگەر بوونم نەبێت. کەواتە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هیچ گومانێکی پێ ناوێت (تەنانەت گومانی ڕادیکاڵانەش): کە من کەسێکم بەڕاستی بوونم هەیە! ئەمەش ڕاستییەکی پتەوە کە هیچ نالەرزێت و ناگۆڕێ: ئەویش تیۆری کوجیتۆیە، کە دەڵێت: "من هەم، کەواتە من بوونێکم کە دەتوانم بیر بکەمەوە، من بوونێکم دەتوانم بە ڕاستی بگەم، ئەویش گەر هات و بە شێوەیەکی مەنهەجی باش مێشکم بەکارهێنا".

هەروەک لۆک فیری دەڵێت: "لە ئەنجامی

ئەزموونی گومانی ڕادیکاڵی کە دیکارت تێیدا دەژیا، بۆ یەکەمجار لە مێژووی فیکری جیهاندا، سێ فیکری گەورە دروست دەبێت، کە دەبنە بنەڕەتی فەلسەفەی مۆدێرن. ئەو فیکرانە کە دەبنە خاوەنی داهاتوویەکی پرشنگدار". [4]

فیکرەی یەکەم:

دیارە دیکارت زۆر خۆی بە گومانەوە خەریک کرد و هەموو دڵ و دەروونی لای ئەم بابەتە بوو، دیارە ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەمە تەنها فیکرەیەکە بۆ کات بەسەربردن، یان یاریکردنی سێرک! بەڵکە ئەو دەیویست دۆزەخی گومان بەجێ بهێڵێت، پاش ئەوەی نرخێکی زۆر گەورەی دا، تا بگاتە ڕاستی و یەقینێکی نوێ، یان بۆ ئەوەی کیشوەرێکی نوێی مەعریفە کەشف بکات. پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەو سەردەمەی دیکارتی تێدا دەژیا، سەردەمی داڕمانی هەموو یەقینە پتەوە کۆنەکان بوو.

هەر لەو کاتەدا کۆپەرنیکوس و کیبلەر و گالیلۆ و هەموو شۆڕشە زانستییە نوێکان پەیدابوون، کە کۆتایی بە یەقینەکانی عالەمی کۆن هێنا: یان بە واتایەکی تر کۆتایی بە زانستی " ئەرستۆتالیستی — بەتلیموسی" هێنا، ئەو زانستەی کە مەسیحییەت پرۆژە لاهووتی و خوداییەکەی لەسەر داڕشتبوو.

ئەمەش پێی دەڵێن: "فەلسەفەی سکولائی" (المدرسية) ئەو فەلسەفەیەی کە قەدیس تۆما ئاکوینی و خەڵکانی تر دایان ڕشت، کۆنترۆڵی هەموو سەدەکانی ناوەڕاستی کرد تاکو دیکارت پەیدا بوو و کۆتایی بەمە هێنا. ئەم فەلسەفەیەش خۆی وەکو ڕاستییەکی پیرۆز دەبینییەوەو هەر کەسێکیش گومانی لێ بکردایە، مانای گومانی لە مەسیحەت هەیە، نەک تەنها گومان لە فەلسەفەی ئەڕستو و بەتلیموس. هەر کەسێکیش ئەم کارە بکات سزای سەربڕینە. هەر لەبەر ئەم هۆیە هاوڕێکانی ئامۆژگارییان کرد کە فەڕەنسا بەجێ بهێڵێت، چونکە ئەوان پێشتر دەیانزانی کە ئەو لەگەڵیان (مەبەست کەنیسەیە) تووشی پێکدادان دەبێت و پاشان گەر لاهووتییەکان کەشفی بکەن، ئەوا یەکسەر تیرۆری دەکەن.[5] لە کاتێکدا مرۆڤایەتی بە درێژایی 2000 هەزار هەڵەی کردبێت، چونکە پێی وابووە کە هەتاو بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە نەک بە پێچەوانەوە، کەواتە بۆچی لە هەموو شتێکدا هەڵە ناکات؟ هیچ شتێک بە شێوەیەکی تەواوەتی زامن نییە. وامان لێ هاتووە کە باوەڕ بە هیچ شتێک نەکەین.

جێگای ئاماژەیە ئەزمونی گومان شتێک نەبوو لە خۆڕا پەیدا بووبێت، بەڵکە لەو کاتەدا کۆمەڵێک هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی پاساوی بۆ بهێننەوە. چی تر باوەڕ بە هیچ شتێک ناکەین، پاشئەوەی کە

هەموو ڕاستی و یەقینەکانی پێشوو، کە هێندەی چیاکان پتەو بوون، تووشی داڕمان بوون. ئێستا ئێمە ناچار کراوین لەمەودوا گومان لە هەموو فیکرەیەک و دەستەواژەیەک بکەین و، زۆرباش شیی بکەینەوەو لە هەموو ڕوویەکەوە بیخەینە ژێر پرسیاری جۆربەجۆر و ئینجا پاشان بڕیار بدەین ئاخۆ پێی ڕازین یان نا. ئەمەش یەکەمین وانە بوو کە ڕینیە دیکارت فێری کردین.

فیکرەی دووەم:

دووەمین فیکرە کە ئەم فەیلەسووفە مەزنە دایهێنا، کە زۆر لە یەکەمیان ترسناکتر بوو، ئەوەبوو: کە دەبێت مێژوو بە شێوەیەکی تەواوەتی بسڕیتەوەو لە نوقتەی سفرەوە دەست پێ بکەینەوە.

لێرەوە ڕادیکاڵیزمی دیکارت و مەیلی کودەتایی دەردەکەوێت، بە شێوەیەک کە کەس لەو کاتەدا نەیدەتوانی قبوڵی بکات. بەڵام ئەمڕۆ بە لامانەوە ئەم فیکرەیە واقیعییە، عەقڵانییە، ڕەسەنە، تەنانەت نموونەیشە، ئەمە شتێکی ئاساییە پاشئەوەی سێ سەدە و نیو بەسەر مردنیدا تێپەڕیوەو پاشئەوەی ڕۆژئاوا فەلسەفەکەی هەڵمژیوە. لێ گەر کەمێک خۆمان بۆ ئەو سەدەیە بگەڕێنینەوە: ئەم فیکرەیەی

ئەو وەکو بۆمبێکی چێنراو وابووە کە لە پڕدا بە ئاسمانی ئەورووپادا دەتەقێتەوە. ئەو دەستی کرد بە پرسیارکردنی لەم جۆرە:

*چی دەبێت گەر هەموو فیکرەکانمان وەهمێک بن لە وەهمەکان؟ چی دەبێت گەر هەموو ئەو فیکرانەی کە لە ماڵەوە و قوتابخانە و کڵێسە و قەشە وەرمان گرتووە، هەر هەموویان هەڵە بن؟*

بەڵام لەو کاتەدا پرسیارێکی تر دروست دەبێت:

*چۆن دەتوانین ئەمانە هەموویان بگۆڕین، یان وازیان لێ بهێنین، پاشئەوەی هەر لە شیری منداڵییەوە لەگەڵ ئەم فیکرانە ژیاوین و سەردەمانێکی زۆرمان لەگەڵدا بەسەر بردوون؟*

ئەم فیکرانەمان خۆش ویستووەو کردوومانن بە بەشێک لە خۆمان کە ناتوانین وازیان لێ بهێنین. ئێمە لە کاتێکدا وا دەڵێین، کە هەموومان دەزانین کە فێربوونی زانستێک بە منداڵی وەکو نەخشێک وایە بەسەر بەردێکەوە، بە مانای ئەوەی کە زۆر زەحمەتە یان هەر ناتوانین بیسڕینەوە. چونکە هەموو مرۆڤەکان فەیلەسووف نین، هەتاوەکو ئەم شەڕە قورسە بکەن، کە ترسی زۆری بۆ باری سایکۆلۆجی مرۆڤ هەیە. هەموو کەسێک رینیە دیکارت نییە. بەڵکە تەنانەت ئەویش وەکو پێشتر

باسمان کرد، کە لە ساتێک لە ساتەکانی ژیانیدا، ترسی ئەوەی هەبوو کە مێشکی لەدەست بدات و شێت بێت. ئەمەش هەمووی بەهۆی ئەو شەڕە قوورسەوە بوو کە لە ناخی خۆیدا دەیکرد.[6]

## دیکارت و شۆڕش

خەڵکی وا ڕاهاتوون کە بڵێن جان جاک ڕۆسۆ باوکی ڕۆحی شۆڕشی فەڕەنسییە، دیارە لەگەڵ ئەمیشدا باس لە ڤۆلتێر و مۆنستکیۆ و بەشی زۆری فەیلەسوفانی تری ڕێنیسانس دەکرێت. دیارە ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر ڕاستە، بەڵام نابێت باوکی فیکری هەموو ئەم فەیلەسووفانە ژبیر بکەین کە ئەویش دیکارت بووە. گەر جان جاک ڕۆسۆ بە باوکی نزیک و ڕاستەوخۆی شۆڕشی فەڕەنسی دابنرێ، ئەوا بە دڵنیاییەوە دیکارت باوکی دوور و ناڕاستەوخۆی ئەم شۆڕشە بووە[7]. چونکە دیکارت داهێنەری چەمکێکی نوێی شۆڕشی ڕادیکاڵی بووە، کە هەموو مێژوو بە شێوەیەکی تەواوەتی دەسڕێتەوەو خۆی لە یەقین و پاشخانەکانی ئازاد دەکات. لەبەر ئەوە توکفیل هیچ هەڵەی نەکردووە کاتێک وتی:

*یەعقوبییەکان هەڵگیرسێنەری شۆڕشی فەڕەنسی بوون و ئەوان قەڵای باستیلیان شکاند و کۆتاییان*

*بە سەردەمی پاشایەتی و ئوسوڵی و ملهوڕیی کۆن هێنا. بە واتایەکی زۆر ئاسان، ئەوان بریتی بوون لە "دیکارتی" کە لە قوتابخانەکاندا دەرچوون و دابەزینە سەر شەقامەکان.*[8]

چۆن لەم قسەیەی توکفیل تێ بگەین؟ ئەو نوێکارییەی کە شۆڕشگێڕە فەڕەنسییەکان لە بواری مێژوویی و سیاسیدا کردیان، هەمان نوێکاری بوو کە دیکارت لە بواری فیکردا کردی[9].

پاشان ئەو ئازایەتییەکی گەورەی نواند، کاتێک وتی: پێویستە هەموو باوەڕە بەجێماوە کۆنەکان لەلایەن مرۆڤەوە بخرێنە ژێر گومانەوە و شرۆڤە بکرێن و ڕەخنەیان لێ بگیرێ، چونکە مرۆڤ توانی بوونی سەربەخۆی خۆی لە کڵێسەو پیاوانی ئایینی بسەپێنێت. تەنها مرۆڤ خۆی کە خاوەنی مێشکە، دەتوانێت بڕیاڕ لەسەر ڕاست و هەڵە و چاکە و خراپە بدات. هەروەک ڕابوو سانت ئایتیین کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی شۆڕشی فەڕەنسی کە دەڵێت:

نابێت چی تر مێژوو هەتا کۆتایی زەمەن حوکممان بکات. مێژوومان بریتیی نییە لە یاسایەکی میراتگیر کە نەتوانین خۆمانی لێ ڕزگار بکەین. بە واتایەکی تر: دەتوانین مێژوو بسڕینەوەو کۆتایی پێ بهێنین، دیارە بۆ ئەوەی ئێستایەک و داهاتوویەکی تر دروستبکەین، کە بە تەواوەتی لە

مێژوو جیاواز بێت.

به واتایەکی تر ناکرێ لەبەر ئەوەی له ژێر سیستەمێکی دەرەبەگایەتی و ئەرستۆکراتی و ئوسولّی تایەفی ژیاوین، که سیمای نایەکسانی و بوونی تایبەتمەندی بۆ مندالانی بنەماڵەکان پێوه دیار بووه.، که بۆ ماوەی 1000 ساڵ درێژەی کێشاو حوکمی دەکردین، دەبێت هەر لەسەر ئەم سیستەمەش هەتاهەتایه بەردەوام بین، چونکه هیچ شتێک وامان لێ ناکات که ئێمه هەتاهەتایه به فەرهەنگی کۆنەوه ببەسترێینەوه[10].

فیکرەی سێیەم

سێیەمین فیکرەی گەورە که دیکارت لەگەڵ خۆی بۆی هێنایین، که تا ڕادەیەک به بابەتی پێشووەوه پەیوەندی هەیه، ئەویش ئەمەی خوارەوەیه:

مافی ئەوەمان هەیه هەموو ئەو فیکرانه ڕەت بکەینەوه که بەسەر سەرماندا سەپێنراون، به مانایەکی تر ئەو فیکرانەی که له سەرووی خۆمانەوه بەبێ گفتوگۆ بەسەرماندا سەپێنراون.

دیاره لێرەشدا مەبەستی دیکارت ئەو باوەڕانه بوو که کڵێسەی مەسیحی بەسەر هەمووانیدا

سەپاندبوو، وەکو بڵێیت ئەمانە ڕاستییەکی تەواون و هیچ جێگای گفتوگۆ و قسەکردن نیین، گەر قەدیسێک قسەیەکی کرد، دەبێت دەستبەجێ باوەڕی پێ بکەین و بە تەواوەتی تەسلیمی بین. گەر پاپای فاتیکان فەتوایەکی دەرکرد، ئەرکی سەرشانمانە یەکسەر بەبێ بیرکردنەوە و گفتوگۆکردن قبوڵی بکەین، چونکە ئەو کەسێکی پاک و بێگەرد و پایەبەرزە و هیچ هەڵە ناکات. بەواتایەکی تر بۆ ڕاستیی هەر قسەیەک بە پلەی یەکەم پشت بە شوێنی کۆمەڵایەتی کەسەکە دەبەسترێ، نەک بە ناوەڕۆکی قسەکە. لەبەرئەوە دیکارت داهێنەری ڕۆحی ڕەخنەگرتنە، چونکە هیچ فیکرەیەکی بەبێ گومانکردن و شرۆڤەکردنی قبوڵ نەدەکرد. گەر ئەو فیکرەیە لە تاقیکردنەوەی دیکارت ڕزگاری بوو، ئەوا قبوڵی دەکات، گەر نا ئەوا قبوڵی ناکات، با مەسیحیش ئەو فیکرەی هێنابێت، قبووڵی ناکات.

ئەو داهێنەری ئازادیی فیکرە لە کولتووری ئەوروپایی. ئەمەش جۆرە ئازایەتییەکی گەورەیە، چونکە پێش ئەو لەم جۆرە ئازایەتییە نەبووە. دیارە بۆ ئەم کارەشی باجێکی زۆری داوە. هەربۆیە بە ماوەیەکی کەم پاش مردنی، کتێبەکانی خرانە ناو لیستی کتێبە حەرامکراوەکانەوە. بوسوییە کە ڕابەری بیری ئوسوڵی ئایینی فەڕەنسی بوو دەڵێت: "بەر لەعنەتی خودا بکەوێت. ئەم کابرایە میکرۆبی گومانی لە هەموو باوەڕ و شتە پیرۆزەکانماندا چاند".

له ڕاستیدا دیکارت خودی خۆی نەیتوانی ئەو ئازایەتییە بنوێنێت، کە گومانی خۆی لەسەر باوەڕە ئایینیەکان ڕابگەیەنێت. بەڵکە بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی ڕەها ئیمانی خۆی ڕاگەیاند، سوێندیشی خوارد کە وەکو کەسێکی ئیماندار باوەڕی بە ئایینی باو و باپیران هەیە. لێ ئەو ڕێگای گومانە ڕادیکاڵانەیەی کە ئەو دایهێنا، لە داهاتوودا باوەڕە ئایینیەکانیشی گرتەوە. ئەمەش سپینۆزا کردی، کە یەکێک بوو لە شاگردەکانی دیکارت. دیارە جگە لەمیش لایبنتز و لامبرانشیش هەمان کاریان کرد. ڕاستە ئەمان بۆچوونیان لەگەڵ مامۆستاکەیان جیاواز بوو، بەڵام هەموویان لە پاڵتۆکەی دیکارتەوە هاتنە دەرێ. ئەو پێشەنگی فەلسەفەی عەقڵانی مۆدێرنە. سەیر دەکەیت لە دوایین قۆناغیدا، دیکارت توانی گومان لە خودی گومانیش بکات.

بەمانایەکی تر ئەو توانی ئەو هێزە نێگەتیفە وێرانکارییەی گومان، بۆ هێزێکی پۆزەتیفی بنیاتنەرانە بگۆڕێت، کە دەتوانێت ڕاستییەکان بە شێوەیەکی تۆکمەی تەواو دروستیان بکات، کە سوودی زیاتری بۆ مرۆڤایەتی دەبێت. لێرەدا بلیمەتی و مەزنیی دیکارت دەردەکەوێت، چونکە گومان خەریک بوو زاڵ بێت بە سەریدا و پاشان بۆ کەسێکی نائومێد و بێ‌هیوای بگۆڕێت. دیارە نابێت ئەوەمان بیر بچێت ئەم حاڵەتەش بەسەر زۆر لە نووسەرانی تریشدا هاتووە. بەڵام ئەو لە دوایین

ساتدا، توانی خۆی لە پڕیشکی ئاگرەکە بپارێزێت، دیارە ئەمەش تەنها بلیمەتە گەورەکان توانای ئەم کارەیان هەیە. پێدەچێت هەر لەبەر ئەم هۆیەش بێت، کاتێک هیگل دەڵێت: دیکارت پاڵەوانێک بوو پێشکەشی فیکر کرا.

دیارە وێرانکردن زۆر کارێکی ئاسانە، بەڵام ئاوەدانکردنەوە زۆر زەحمەتە. بەدڵنیاییەوە دروستکردنی شتێکی سوودمەند لەسەر زەوی، کارێکی ئاسان نییە.

پەراوێزەکان:

1. لێرەدا پێم خۆشە دەربارەی ئەو سێ خەونەی کە دیکارت دیونی و هەموو دەرووونی هەژاندوون، ڕوونکردنەوەیەکی باش بە خوێنەر بدەم. دیارە پاشتر توانی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوەو لەهەمانکاتیشدا بوو بە هۆی دابەزینی پەیامێکی نوێ و دۆزینەوەی زانسێک و ڕاستییەکی گەورە. لەم ساتەدا ڕۆحی ئارام بووەوەو هێور بووەوەو پاشان بڕیاری دا حەجێک بۆ شوێنە پیرۆزەکانی مەسیحی لە ناوچەی لۆریتو لە ئیتاليا بکات، بۆئەوەی دەربارەی ئەم کۆتاییە باشە سوپاسی خودا بکات. بۆچی دیکارت وای کرد؟ چونکە گەر لە ساتە کۆتاییەکانیدا ڕاستییەکانی بۆ دەرنەکەوتایە ئەوا دۆزەخی گومان لە کۆتاییدا بەرەو لەدەستدانی مێشکی دەبرد. بەم شێوەیە ئەو باوەڕی نەدەکرد کە لە میکرۆبی گومانی وێرانکەر ڕزگاری بێت. ئەم ئەزموونەش لە شەوی 10 نۆڤەمبەری 1619 ڕووی دا و ئەمەش لە چارەنووسی ژیانیدا بڕیاردەر بوو. پاش ئەمە دیکارت توانی جیاوازی لە نێوان گومانی مەنهەجی و پۆزەتیف، کە دەبێت بەسەر بۆچوون و باوەڕەکانماندا پراکتیزەی بکەین بۆ ئەوەی باش لێی تێبگەین و ڕاست لە چەوت جیا بکەینەوە، لەگەڵ گومانی نێگەتیفی وێرانکەر بکەین، کە دەبێت خۆمان لە پرپیشکەکانی بپارێزین، پاش ئەوەی شەڕێکی گەورەی لەگەڵدا دەکەین.

2. دەڵێن ساڵی 1623 دیکارت زیارەتی مەرقەدی

قەدیسە دو لوریتی لە ئیتالیا Lorette de Dame_Notre کردووە، واتە پاش چوار ساڵ بەسەر ئیلهام هاتن بۆی. بەم شێوەیەش دیکارت لە بەرامبەر ئەو پەیمانەی کە لەگەڵ خودی خۆی بەستبووی، وەفادار بوو. ئاشکراکردنی ڕاستی، وەکو نیعمەتێکی گەورە وابوو کە لە ئاسمانەوە بۆی دابەزی. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چەندە هەستی بە ترس کردووە، پێش ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەی ڕاستییەکانی بۆ ئاشکرابێت.

3. لە سەرەتای نووسینی کتێبەکەیدا (تێڕامانە میتافیزیقییەکان)، گومان وای لە دیکارت کردبوو، کە گومان لە جەستەو دەست و هەموو شتێک بکات، بەڵام پاشتر بۆی دەردەکەوێت و دەڵێت: ئەمە ماقوڵ نییە، ئەمە شێتییە، منیش شێت نیم.

4. سەیری ئەم کتێبە بکە:

Luc Ferry: Apprendre avivre. Traite de philosophie a lusage des jeunes generations. Plon. Paris. 2006 .P154 sq

5. لێرەدا دەگەینە وتە بەناوبانگەکەی نیتچە کە مانای ئەمە دەگەیەنێت: ئاخۆ لە ساتێک لە ساتەکانی مێژوودا، تا چەندە خەڵکی توانای بەرگەگرتنی دڵۆپەیەک لە ڕاستییان هەبووە؟ گەل ناتوانێت بەرگەی ڕاستی بگرێت، چونکە دەیکوژێت؛ (مەبەست؛ خاوەنەکەی دەکوژێت). لەبەر ئەوە پێویستە بە شێوەی دڵۆپەی بچوک ڕاستی پێشکەشی خەڵکی بکەین، چونکە گەر هەموو ڕاستییەکانمان بەجارێک دابەزاند، ئەوا دەیانشڵەژێنێت و دەیانکوژێت. لەبەرئەوە وەکو

بیرمەندێک مافی ئەوەت نییە کە یەقینەکانی خەڵکی هەروا بە ئاسانی و خێرایی بهەژێنیت. تەنها سەرۆکێکی فیکری یان سیاسی دەتوانێت بە یەکەمجار بەرگەی ڕاستی بگرێت بێئەوەی بهەژێت و پارسەنگی خۆی لەدەست بدات.. بەڵام زۆرینەی خەڵکی وا نین، لێرەدا باسی نموونەیەکتان بۆ دەکەم. کاتێک جەنەڕاڵ دیگۆل ساڵی 1958 گەڕایەوە بۆ سەر دەسەڵات، گەر یەکسەر چارەسەرەکەی خۆی دەربارەی کێشەی جەزائیری بە خەڵکی بووتایە، ئەوا خەڵکی بە تەواوەتی شێت دەبوون. لێ ئەو لە سەرەتادا دەستی کرد بە خولانەوە بە دەوری ڕاستییەکاندا و شاردنەوەی مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی و زۆرجاریش هەستی وای پیشانی خەڵکی دەدا، کە پێچەوانەی ئەوەبوو کە دەیکرد. بەڵام بە شێنەیی دەستی کرد بەوەی کە هەڵوێستی خۆی ئاشکرا بکات، بۆئەوەی گەلەکەی ئامادە بکات، تا بەرگەی بڕیارە قورسەکەی بگرن، ئەویش جیاکردنەوەی جەزائیر لە فەڕەنسایە. لەگەڵ ئەوەی کە ئاگاداری خۆی زۆر دەکرد، بەڵام کاتێک ڕاستییەکانی ئاشکرا کرد هەوڵیان دا تیرۆری بکەن و لە ناوی بەرن. ئەمە مانای وایە، کە ڕاستی شتێکی ئاسان نییە. ڕاستی بە مانا حەرفییەکەی بکوژە. کێ دەتوانێت باس لە ڕاستی فەرهەنگی ئیسلامی بکات؟ مەحاڵە. پێدەچێت لە پاش پەنجا ساڵی تر بە شێنەیی ڕاستییەکان ئاشکرا بکرێن. بەڵام کێ ئاگای لە باری دەروونی سەرۆکێکی فیکری یان سیاسی هەیە، کاتێک بە یەک جار ڕاستییەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت؟ ڕاستە ئەو تووشی گرژی و بێتاقەتیی زۆر دەبێت، بە شێوەیەک کە هیچ ناتوانین وەسفی بکەین. بەڵام لەهەمانکاتیشدا ئەو

هەڵگری بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە. چەندە دۆزەخی تەنهایی ئازاری دەدات، کاتێک دەیەوێت بڕیارێکی قورس بدات. بیابانی تەنهایی دەوری تەنیوە. پێدەچێت لە ساتێکیشدا بڵێت: خودایە بۆچی من لە بەرامبەر ئەم هەموو شتە بەرپرسم؟ بۆچی کارێکت پێ سپاردووم کە لە سەروو بەرگەگرتنی منەوەیە؟ بۆچی تەنیا ئەم کارەت بە من سپارد؟ بەڵام لەهەمانکاتیشدا هەست بە شانازی و فەخرێک دەکات، چونکە خودا ئەوی لەناو هەموو مرۆڤایەتیدا هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ئەم بەرپرسیارێتییە گەورەیە هەڵبگرێت، هەر بۆیە هەست دەکات بۆتە پێغەمبەرێکی مەزن. لەم کاتەدا هەستێکی لا دروست دەبێت، بە شێوەیەک کە وەسف ناکرێت، وا هەست دەکات کە هەموو گەل بۆتە ئەو. دیارە سەرۆکە گەورەکان ئەم بارەیان دیوە. لە لۆتەرەوە بۆ دیکارت بۆ جان جاک ڕۆسۆ تا ناپلیۆن و کانت و هیگل: ئەمانەش هەموویان پێغەمبەری سەردەمی مۆدێرنن.

6. پێدەچێت خەڵکانێک پێم بڵێن: کاکی برا تۆ لێرەدا داوامان لێ دەکەیت کە مێشکمان بشۆینەوە بۆ ئەوەی پێش بکەوین! بە دڵنیاییەوە تۆ چەند نیەتێکی پیست هەیە و ئامانجت وێرانکردنە و لەناوبردنی کولتوور و باوەڕی باوک و باپیرانمانە. ئێمە نە پێوستیمان بە تۆیەو نە بە دیکارت، و بە هیچ شێوەیەکیش گومانمان لە یەک باوەڕ و کولتوور و شتە پیرۆزەکانمان نییە. ئێمە پێویستیمان بەوە نییە کە لاسایی ئەزموونی ئەورووپی بکەینەوە تا پێش بکەوین. ئێمە خاوەنی ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندییەکی مێژوویی خۆمانین. بڕۆ لەبەر چاومان

ون بە بێدەنگ بە! منیش وەڵامیان دەدەمەوە و دەڵێم: گەر هەموو باوەڕەکانمان ڕاستن، من تێناگەم بۆچی خەڵکی تر پاشئەوەی باوەڕە فەرهەنگییە کۆنەکانیان لەناو برد و خۆیان لێ ڕزگار کرد، ئینجا پێشکەوتن، بەڵام ئێمە بە دواکەوتوویی ماینەوە و گیرمان بە دەست شەڕی ناوخۆیی و تەقینەوە و ڕق و کینەوە خواردووە. بۆچی ئەوان توانییان خۆیان لە ڕق و کینەی مەزهەبی و تایەفی ڕزگار بکەن و دەوڵەتێکی مەدەنی و عیلمانی دروست بکەن، کە سنگی بۆ هەموان فراوانە و ئێمەش لەمەدا شکستمان هێناوە؟ ئاخۆ ئێوە لەو باوەڕەدان، کە ئێمە دەتوانین لەسەر پاشماوەی بیرە کۆنەکان دەوڵەتێکی مۆدێرن دروست بکەین؟ بەڵام لەهەمانکاتیشدا دانی پێدا دەنێم، کە وردوخاش-کردنی کولتووری کۆن لە ڕووی دەروونییەوە کارێکی ترسناکە. چونکە گەل پەیوەستە پێوەی و لەسەری دەژی و هێمنی و ئارامیشی پێ دەبەخشێت. لەبەر ئەوە من پێم وایە کە نابێت بە شێوەیەکی توند و ناشرین پەلاماری شتە پیرۆز و یەقینەکانی خەڵکی بدەین. بۆیە سەیر دەکەین ڕۆشنبیریی عەرەبی لە بارێکدایە، کە جێگای بەزەیی پێداهاتنەوەیە. چونکە ئەو دەزانێت لەلایەک لەناوبردنی باوەڕە کۆنەکان کە لە ناو خەڵکیدا باوە، پێویستییەکی گرینگە، لەلایەکی تریشەوە لەوە دەترسێت کە پارسەنگی سایکۆلۆژی گەل تێک بچێت. کەواتە چ بکەین؟

7. لەبەر ئەوە هێزە کۆنەپارێزەکان هەڵەیان نەکردووە کاتێک بە توندی دژی وەستانەوەو کڵێسەش کتێبەکانی خستە ناو لیستی کتێبە حەرامکراوەکانەوە، یانی ئەو کتێبانەی کە زەرەریان بۆ باوەڕی مەسیحی

هەیەو دژ بەو ئایینەن. جێی ئاماژەیە، بوسویە ڕابەری بیری ئوسوڵی فەڕەنسی زۆر بە توندی هێرشی کردە سەرو ئەوی بە بەرپرسی یەکەم دانا، لەو شەپۆلە سەرلێشێواوییەی کە گومان لە باوەڕ و فەرهەنگی پیرۆزمان دەکەن.

8. سەیری سەرچاوەی پەراوێزی 4 بکە.

9. لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین شۆڕشی فیکری پێش شۆڕشی سیاسی دەکەوێت و دەبێتە پێشڕەوی نەک بە پێچەوانە. دەبێت عەرەبانەکە بخەینە دوای ئەسپەکە نەک پێشیەوە. ئەمەش هەتاوەکوو ئەمڕۆ عەرەب و موسڵمانەکان تێی ناگەن. بەڵگەشم بۆ ئەمە ئەوەیە، کە زۆربەی ڕۆشنبیرەکان، کاتێک خومەینی شۆڕشی کرد (کە دەمانگەڕێنێتەوە دواوە)، چەپڵەیان بۆ لێ دا! لەبەر ئەوە دەڵێین: هەتاوەکو ئەمڕۆ شۆڕشی فیکری لە گێتی عەرەبی و ئیسلامیدا ڕووی نەداوە. ئیتر چی دەڵێیت بە شۆڕشێکی سیاسی و گۆڕانکاریی ڕاستەقینە لە واقیعدا. ئەمەش حکایەتێکی درێژە. ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو مێژووی فەرهەنگیمان دەسڕێتەوە، یان لانی کەم سیمایەکی تەواوەتی ڕۆژئاوایی بەخۆوە دەگرێت. لێرەوە گرینگی پرۆژەی ڕەخنەگرتن لە مێشکی ئیسلامی یان لەناوبردنی فەرهەنگی زەرەرمەندو دۆگماتیکی داخراو دەردەکەوێت.

10. چی دەبێت گەر وای دابنێین، ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆشنبیرێکی میسری موسڵمان بێتە دەرەوە و بڵێت: ئایینی مەسیحی ئاینێکە وەکو ئیسلام تەواوە؟و ئیسلامیش لە ئایینی مەسیحی باشتر نییە. ئاخۆ ئەمە بە ئیستیفزاز کردن دانانرێ؟ یان وای دابنێین ڕۆژێک لە

ڕۆژان ڕۆشنبیرێکی سعودی بڵێت: پێویستە هەروەک چۆن ڕێز لە مەزهەبی سونی دەگرین، ئاواش ڕێز لە مەزهەبی شیعە بگرین. ئاخۆ ئەمە نابێتە هۆی دروستکردنی هەرایەکی گەورە؟ یان وای دابنێین ڕۆشنبیرێکی ئێرانی بڵێت: مەزهەبی سونە ڕاستەو پێویستە هەروەک چۆن ڕێز لە مەزهەبی شیعە دەگرین، ئاواش ڕێز لە مەزهەبی سونە بگرین. چی بەسەر دێت؟ ئاخۆ ئەم پیاوە نابێتە هۆی ئەوەی کە هەموو خەڵکی ئێران ڕق و قێزیان لێی بێتەوە؟ یان وای دابنێین ڕۆشنبیرێکی عەرەبی بێتە دەرەوە بڵێت: پێدەچێت کەسێکی بێباوەڕ (مولحید) لەچاو کەسێکی ئیماندار، ئەخلاقیتر و مرۆڤانەتر بێت کاتێک هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی تردا دەکات؟ ئاخۆ هەموو عەرەب و موسڵمانەکان تووشی شۆک نابن؟ ئاخۆ بە توندوتیژی وەڵامی نادەنەوە؟ یان وای دابنێین ئەو ڕۆشنبیرە بڵێت: ئایینەکان بریتین لە کۆمەڵێک پێکهاتەی خەیاڵیی جوان کە ئامانجیان ئارامکردنەوەی خەڵکییە لە بەرامبەر مەرگ و ناتوانین ئەمڕۆ بە پێوەری ڕاست و چەوت حوکمی بەسەردا بدەین، یان هەمووی ڕاستە یان هەمووی چەوتە. ئاخۆ کاتێک ئەم قسانە دەکات خەڵکی بەردبارانی ناکەن؟ یان وای دابنێین بڵێت: لە نێوان هەموو ئایینەکاندا "ئیسلام، مەسیحی، جولەکە، بودی،، هتد" نیەتێکی ئەخلاقی هاوبەش پێکەوە دەیان بەستێتەوە، تەنیا ئەمەش لای من گرینگە و ڕێزی لێ دەگرم و بە جەوهەری ئایینیشی دادەنێم! بەڵام جگە لەمە هەموو تقوسات و نەریت و باوەڕی ڕێگەپێدراو و یاساغەکان، نابنە جەوهەری ئایینەکە، چونکە ئەمانە هەموو شتێکی ڕێژەیین و لە ئایینێکەوە بۆ ئایینێکی تر

دەگۆڕڕێن. ئاخۆ ئیماندارەکان ئەم پیاوە بە مولحید و فاسق دانانێن؟ دەتوانین بێـ سنور نمونەی لەم جۆرە بهێنینەوە. بەڵام هێزە کۆنەپارێزەکانی گێتی عەرەبی ئەم مەنتیقە ڕەت دەکەنەوەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم باسە ڕێگای تر دەدۆزنەوە. ئەوان پێت دەڵێن: کاکی برا بۆ سەیری ژاپۆن ناکەیت پێشکەوتن بەبێ ئەوەی لە کولتووری خۆیان داببڕێن. کەواتە بۆچی دەتەوێت دیکارت و نمونەی ئەوروپی بە سەرماندا بسەپێنیت؟ دەیانەوێت بەم فێڵە هەڵمان بخەڵەتێنن و بۆئەوەی ڕەخنەگرتن لە باوەڕ و شتە پیرۆزەکان بۆ تاهەتایە دوا بخەن و شەڕەکە بە کراوەیی جێبهێڵن. جوانترین و بەرزترین خاڵی نمونەی ئەوروپی ئەوە بوو کە کەوتە شەڕێکی توندەوە لەگەڵ خودی خۆی، ئەمەش ئەوان ناتوانن ببینن. ئەوان ناتوانن دان بەوەشدا بنێن کە ئێمە ئێستا پێویستییەکی گرینگمان بەم شتە هەیە، پاش ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆرە تووشی خامۆشی و چەقین بووین. دیارە کولتووری عەرەبی و ئیسلامی زۆر سودمەند دەبێت، گەر بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە و هەتا سەر ئێسقان ئەم شەڕەی لەگەڵدا بکەین. بە هیچ شێوەیەک هەتا ئێمە ئەم شەڕە نەکەین، ناتوانین شارستانیەکەمان پێش بخەین، چونکە لە هەموو کاتێکدا ڕامان دەگرێت و بێ هیوامان دەکات، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لەناو ڕەگ و ڕیشەو خوێنماندایە و زۆر دژی ئەو یاسا و یەقینانەیە و لەگەڵ عەقڵی مۆدێرندا ناگونجێت. لەبەر ئەوە شەڕی خودی عەرەبی و ئیسلامی لەگەڵ خۆیان، هێشتا دەستی پێ نەکردووە و هیچ کەسێکیش ئەو ئازایەتییەی تێدا نییە کە دەست بەم شەڕە بکات. دیارە لێرەدا دەمەوێت چەند

**هەوڵێکی بچوکی هەندێک ڕۆشنبیر و ڕووناکبیری لێ دەرکەین. بە ڕاستی هیچ کەسێک ناناسم ئەو ئازایەتییەی محەمەد ئاراگۆنی هەبووبێت وەکوو ئەو خاوەنی پڕۆژەی "ڕەخنە لە عەقڵی ئیسلامی" بووبێت.**

سەرچاوە:

دیکارت و معركة خطرة مع الذات. هاشم ساڵح. سایتی الاوان.